
لە کۆتایی چاوەڕوانیدا
چیرۆک
عومەر سەید

# لەکۆتایی چاوەڕوانیدا

چیرۆک

عومەر سەید

٢٠٠٨



پێڕست:

تووتڕک........................٥
فڕین لەناو تاریکیدا..........................١٩
کانیلەی سوێر................................٣٥
پرسیارێکی بێ وەڵام........................٦٣
لەکۆتایی چاوەڕوانیدا........................٧٣
تەیموور..........................٨٧
شانۆیی(تابوتێك لە ئومێد)................١٠١

تووتپرك

# تووتڕك

خەمی گەورەو قورسی نێو دڵو هەناوی ئۆقرەی لێبڕیبوو. بیست ساڵێك بەر لە ئێستا ژنێکی خانو مان بوو، بەڵام ئێستا پیرەژنێکە لەژێر باری قورسی تەنیاییدا پشتی کووڕ بۆتەوەو هەر هێندەی پریاسکەیەکی لێماوە. لەنێو تاریکیو تەنیایی ژوورێکی بچکۆلانەدا، خەمو ئازار وەك ژەنگی سەر ئاسن، بەردەوام لێیدەخواتو دایدەڕزێنێ. جارجارە دەداتە پرمەی گریانو ئازارە بێکۆتاییەکانی دەلاوێنێتەوە.

ژیانێکی تاریكو ئەنگوستەچاو دەباتە سەر، تاقە شتێك کە دەیبەستێتەوە بە ژیان، خەونەکانێتی. ئەو خەونانەی وەك کڵاورۆژنەیەك بە هێڵێکی باریك نێو هەناوی گەرمو رووناك دەکەنەوە. ئیدی ئاوها خەوەکانی تاقە سەرچاوەی ئارامیو خۆشنوودییەتی. تاقە دەروازەی بەیەك گەیشتنی کوڕو کچە بزربووەکانێتی. ئەوان بردیانو رێگەی گەڕانەوەیان لێبەستن، چوونو نەهاتنەوە. نەنە سەلە هەمیشە لەژێر لێوەوەو بە قوڕگی پڕ گریانەوە دەڵێت:

-نەهاتنەوە.. تاجارێکیتر لەسەر سەکۆی بەردەم دیوەخانەکەدا تێر تێر دۆی مەشکەکەم هەڵقوڕێننو باسی رووداوەکانی ئەو رۆژەی خۆیانم بۆ بگێڕنەوە.

نەهاتنەوە تا تێر تێر لە باوەشیان بگرمو خۆمیان بە قوربان بکەم.

ئەو ساڵانێك بەر لە ئێستا نەیدەزانی تەنیایی مانای چییە. هەمیشە پۆلێك لە کورو کچو کچەزاکانی بەدەوریدا دەهاتنو دەچوون. وەلێ ئێستا لەگەڵ تەنها مشکێکدا کە هەمیشە بە نێو ژوورەکەدا جرتو فرتێتی بۆ نان، تاقو تەنیا ژیان دەگوزەرێنێ.

وا جارێکی تریش لە نامۆییدا غەرقەو پەنا وەبەرخوا دەباتەوە. لە نیوەڕۆوە بڕیاری داوە کە ئەمشەو خۆی تەسلیمی خەو نەکاتو جگە لە نوێژی ئیستخارە، هەتا سپێدە بە دووعاو نزاو نوێژکردن بەرێتە سەر، بەڵکو ئەمە خوایە لە نێو خەودا بە دیداری خۆشەویستانی شادبێتەوە، کە موودەتێکی زۆرە نەهاتوونەتە خەوی.

دوای ئەوەی یەك دوو پارووی لە ساوەرەکەی بەردەمی خوارد، بینی بە جامە ئاوەکەوە ناو خێرا خۆی هاویشتە سەر ئەو بەرماڵەی کە هەمیشە رووەو قیبلە راخراوە. بەرلەوەی نییەت بهێنێ، هاوڕێ مشکەکەی وەبیرکەوتەوە. پارچە نانێکی بۆ لە ڕۆن کردو بەرەو کونەکەی برد، مشکەکە سەری هێنایە دەرێ، چەند چرکە ساتێك لەگەڵ پیرێژندا نیگایان یەکانگیر بوو. بە ترسو شەرمەوە دەیڕوانییە پیرێژن، ژیان فێری کردووە زۆر متمانەی بە ئادەمی نەبێ، تەنانەت گەر پیرێژنێکی پشت کووڕی تەنهاش بێت، نانەکەی بۆ درێژکرد.



-ها داماو، بۆ وا شپرزەی. بەچکە بۆ کێ بەخێو دەکەی. مەگەر من نابینی تەنهاو تەنها ماومەتەوە.

نەنە سەلە ئەمەی لە دڵی خۆیدا وت. بەڵام مشکەکە خێرا پڕی بە نانەکەدا کردو بێئەوەی هیچ بڵێ، گەڕایەوە نێو کونەکەی. پیرێژنیش لەسەرخۆ گەڕایەوە سەر بەرماڵەکەو سەرەتای گەشتی بەرەو خواو نەوەکانی، بە نوێژی عیشا دەست پێکرد. پاش هەندێ ورتە ورت دەنگی لێهەڵبڕی.

-نییەتمە چوار رکات نوێژی عیشا دەکەم، فەرزە لە سەرم. بۆ خوای دەکەم.. الله.. ئەکبەر....

هەرزوو نییەتەکەی لەگەڵ هێزی چراو تەباغی نێو ژوورەکەیدا ئاوێتە بوو. ئەو شەوە نەنە سەلە گورو تینێکی سەیری تێدا بوو. بەردەوام لە نوێژکردندا بوو، کەچی ماندوو نەدەبوو. نوێژێكو دووان.. سەدان جار نێوچەوانی پڕ چرچو لۆچی خستە سەر بەرماڵەکەی، هەرچی دووعاو ئایەتێك دەیزانی دەیانو سەدان جار دەیوتەوە.

ئەو شەوە دووای ئەوەی خەڵکی ئۆردووگاکە لە چەنەبازی کەوتنو چوونە نێو جێگاکانیانو نووستن، نەنە سەلە گەرمو گورتر بوو. نیوە شەو تەنانەت سەگەکانیش میوانی خەوی قووڵ بوون. بە تەنها هەر نەنە سەلەو چراکەی کز دەسووتان. هەر ئەو بە تەنها رووەو قیبلە لەگەڵ خوای خۆیدا بەئاگابوو. داوای بەزەیی دەکردو دەگریا.. دەپاڕایەوەو نوێژی دەکردو یەخەی خۆی دادەدڕیو شیوەنی دەکرد. دەروێش ئاسا ئۆقرەی لێبرابوو تەنها بە خاتری

ئەوەی کاتێ کە خەو زەفەری پێبرد. کورو کچە بزربووەکانی بێنە خەوی.

هەندێ جاریش کە هێورو ئارام دەبۆیەوە. تەسبیحە سەدو یەك دەنکەکەی لە نێو پەنجە لەڕو لاوازەکانیدا دەنك دەنك دەهێناو دەبرد. لەگەڵ هەر دەنکێکیشدا کوڕێك یان کچێکی خۆی دەدواندو بەوڕێنەکردنەوە بانگی لێدەکردن:

-هۆ.. هۆ.. ئەسغەر.. ئەحمەد.. هۆ جەیران.. رەحمە.. هۆ مناڵە خێرلەخۆ نەدیوەکان.. بۆکوێ بردیانن.. کوێرایم دایە..کوڕە نەجیم.. نەجیمە کەڵەگەت‌و چوارشانەکەم. بۆ دەنگت نایە... جوانە.. کەنیشکە نازدارەکەم. کورە ئازاو بەجەرگەکانم.. لەکوێن.. بۆ کوێیان بردن. بۆ وەڵامی نەنەی خۆتان نادەنەوە. وای رۆڵە کوێرایم داهات...

هێدی هێدی دەنگی لاوانەکەی کزو کزتر دەبوو. هەر هێندەی سەرە دەرزییەك تاقەت‌و توانای لە جەستەدا مابوو. لەنوێژەکانیدا وەك شۆڕەبی بەر رەشەبایەکی توند بەملاو بەولادا دەهات. کەچی هەر وازی نەدەهێنا.

لەگەڵ بانگەشەو پێشبینی کەڵەشێرە پۆپنە سوورەکاندا بە هاتنی خۆر. هێشتا هەر نیازو مەرامی خۆی بە گوێی خوادا دەدا. بەڵام ماندوو شەکەت. هێزی لەبەر ڕابوو.. دەنگی نووساوی بە ئاستەم دەردەهات, تا سەرەنجام لە دوواین سووجدەدا چیتر خۆی پێڕانەگیراو بەلادا کەوت. چاوە کزو پڕ فرمێسکەکانی کەوتە سەر دەرگای



ژوورەکەی. خامۆش خامۆش تەماشای دەکرد وەك ئەوەی چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی کەسانێك بێت. لە کاتێکدا دەرەوە هێدی هێدی رووناك دەبۆوە. بەرچاوی کزی پیرێژن بە پێچەوانەوە هێدی هێدی تاریك دادەهات، لە حەژمەت‌و هیلاکیدا بوورایەوە یان نووست.

***

شنەبایەکی فێنك‌و پەمەیی لەگەڵ پۆلە باڵندەی هەمەجۆردا بەسەر چەمو باخەکەدا کە تا ناکۆتا درێژ بوو بۆوە دەفڕین. لە گەڵیدا دار هەنجیرو گوێزو چنارەکان سەمای ژیانێکی ئەبەدییان دەکرد. بەمبەرو ئەوبەری چەمەکەوە چیای بەرز بەرز سەریان بە تۆپەڵە هەورەکان سپی کردبوو. لە هەندێ قەدپاڵی سەختی چیاکانەوە تاڤگەی ئاوی سازگار دەڕژایە نێو باخەکانەوە. دیمەنێك بوو کوت‌و مت وەك بەهەشت. لەنێو گەڵاو گوڵی‌سەوزو گەشەوە چەند کورو کچێکی کاکۆڵ رەشی جەستە سپی هاتنە دەرێ.

مەست بوون بە گاڵتەوگەپو قریشکەی خۆشی. ئەمانە هەر لە حۆرییەکانی بەهەشت دەچوون، وەلێ حۆری نەبوون. جارجارەش لە نێو قەدی بەرزی چیا سەختەکانەوە کوڕێك یان کچێك لە شەقەی باڵی دەداو وەك کوکوختی بەرەو نێو باخەکە شۆڕ دەبووەوە. بە هەر لایەکی باخەکەدا بڕوانیایە چەند کورو کچێکت بەرچاو دەکەوت کە سەرگەرمی یاری‌و خۆشی خۆیان بوون. وەك پۆلە

هەنگێك چۆن بەسەر گوڵزاردا بڵاودەبنەوە ئەوها ئەوانیش بە هەموو چەمەکەدا لە هاتو چۆدا بوون. هەندێکیان سەرمەستی مەلەکردن بوون. لەسەر تاوێرە بەرزەکانەوە لێزانانە خۆیان دەهاویشتە نێو گۆمەکەوەو دوای قەدەرێکی زۆر سەریان دەهێنایە دەرێ. دەنگی شڵپو هوڕی ئاو هەموو چەمەکەی گرتبووەوە.

یەکێك لە کورەکان بەقەدپاڵی کەڵۆزەکەدا سەرکەوتە سەرێو دەستی بە (بەڕەزا) رنین کرد کە وەك فەرشێکی سەوزو ئەستوور تەواوی دیواری کەڵۆزەکەی داپۆشی بوو. لە خوارەوەش یەکێك لە کچەکان بانگی لێکرد.

-ئەسغەر ئەوە خەریکی چیت؟

-دەمەوێ هەندێ لەو بەڕەزایانە بۆ نەنە سەلە پرنم. تا لە گەڕانەوەمدا وەك دیارییەك پێشکەشی بکەم. زۆری حەز لێیە.

کچەکە بەسەر سامییەوە وەڵامی دایەوە:

-خەڵکی چەپکە گوڵ بە دیاری بۆ ئازیزانیان دەبەن. نەك گیای بەڕەزا.

ئەسغەر کە تائەو کاتەش هەر لە رنین بەردەوام بوو وتی.

-ئێ باشە من بەڕەزای بۆ دەبەم. دە ئێوەش گوڵی بۆ بەرن، بەڵام دڵنیام دیارییەکەی منی پێباشتر دەبێت لە بیرت نایە نەنە هەموو کەڕەتێك داوای ئەم گیایەی لێدەکردین.. وشکی دەکردەوەو



لە دەسکەوانێکدا دەیکوتیو پاشان وەك دەرمان بەکاری دەهێناو دەیدایە خەڵکی ئاوایی.

کچەکە رووی کردە دەستە خوشکەکانی:

-دەی کچینە مەلەکردن بەسە. وەرن بچینە گوڵ چنین.

چەند کوڕو کچێکی تر بە بزنە رێیەکی سەختو باریکدا سەرکەوتنە لای بنجکە تووتڕکەکان کە هاوشانی تولە رێگاکەو تا چاوبڕکا پانتاییەکی گەورەو فراوانی لە پێدەشتی تەنیشت باخەکەوە داگیرکردبوو. تۆپەڵ تۆپەڵ باوشی پڕ دڕکیان بە یەکدا کردبوو. بە لقو چڵەکانیشیانەوە بۆڵە تووتڕکی سوورو رەش دەبینران ئەو بۆڵانەش کە هێشتا نەگەیبوون بە گوڵی چکۆلانەی پەمەییو سپی تەواوی باخی تووتڕکیان رازاندبۆوە.

ناجیو جەیرانو جوانەو ئەحمەدو نەسرەدینو چەندین کوڕو کچی تر بەسەر تووتڕکەکاندا بڵاوەیان لێکردو دەستی سپییان بە نێو دەڕکەکاندا درێژکردو کەوتنە تووتڕك خواردن. هەر کە پەنجەکانیان بەر تووتڕك دەکەوت شەربەتاوی رەشو سوور بە دەستو پەنجەو مەچەکیاندا دەهاتە خوار. هەندێجار دڵۆپە شەربەتی تووتڕك بزێوانەو بێشەرم بە مەچەکی سافو لووسو سپی کچەکانەوە نە ئەوەستاو خۆیان دەخزانە بن باڵیانەوە لەوێشەوە بۆ سەر ترۆپکە مەمکی خڕو توونديان شۆڕ دەبوونەوە.. دەیانویست لەوێدا بنوونو بۆ هەتاهەتایە ببنە خەتو خاڵی سەر قووبەی مەمکی سپی کیژەکان, وەلێ

خۆیان پێرانەئەگیراو هەر زوو بە زوو جارێکی تر دەخزانەوە خوارێ.

لە نێو رەنگبارانی تووتڕکدا جەستەی سپی سەرجەمیان ببوە پاڵێت‌و تووتڕك بە ئارەزووی خۆی تابلۆی لەسەر دەکێشان.

هەندێکیان ببوون بە تاوس‌و هەندێکی تریشیان بە رەنگاڵە. هەرکات دەستیان بە هەوادا دەسوراند بازنەی پەلکە زێرینەی بچووك بچووك بە سەر سەریانەوە دەردەکەوت. نەجیم بە بزەیەکەوە تەماشای جەستەی رەنگرێژی خۆی‌و هاورێکانی کردو وتی.

-تەماشا تووتڕك کردنی بە چ تەیرێکی نازدار .

جەیرانی تەمەن بیست ساڵەی شۆخ‌و شەنگ بە نازێکەوە وەڵامی دایەوە:

-تووتڕك وەك ئێمەو مانان جوان‌و نازدارە. هەرکەسێك توخنی کەوێت جوانتر دەبێتەوە.

-کەوایە ئەی ئەم هەمووە دڕکە تیژانە چییە لە خۆیان پێچاوە؟

-ئەوە بۆ تۆ نییە. کەسی شایەن بەو دڕکانەش زۆرن. بەڵام تۆ دەبینی بە ئێمە تەنها لەزەت‌و جوانی دەبەخشن.

پاشان جەیران رووی کردە سەرجەمی هاورێکانی‌و بە دەنگێکی بەرز پرسی:



-کورینە.. کچینە کێ لە ئێوە دەزانێ لەناو قوڵایی ئەم تووتڕکانەدا چی هەیە؟

هەموو لەم پرسیارە سەریان سورماو رووی دەمیان کردە جەیران‌و بە کۆرس وتیان:

-چی هەیە؟!

-هەرکەسێك‌و لەهەر کاتێکداو بەهەر هۆیەك بێت پەنا وەبەر تووتڕك ببات. وەك دایکێکی میهرەبان داڵدەی دەدات‌و دەیپارێزێ.

زیاتر لە بنجکە تووتڕکەکان نزیك بووەوەو درێژەی بە قسەکانی دا:

-تەماشای ئێرە بکەن. ئەم بۆ شاییانە دەبینن، کە هەر لە کلۆری قەد پیرەدار دەچن. هەر گیاندارێك هەست بە مەترسی بکات یان بیەوێت دوور لە چاوی راوچی‌و دوژمنەکانی بحەوێتەوە ئالێرەوە خۆی بە تووتڕکدا دەکات‌و لە قوڵایی دڵ‌و هەناویدا بێخەمرو ترس دەنوێت‌و تا تووتڕکیش هەبێت پارێزراو دەبن.

یەکێك لە کچەکان هەڵیدایەو وتی:

-جەیران تۆ ئەمانە چۆن دەزانی. بەڕاست ئێستا لە نێو ئەم تووتڕکەدا هیچ گیاندارێك دەژی؟

جەیران بێئەوەی هیچ بڵێ سەری لە بۆشایی تووتڕکەکان نزیککردەوەو بە دەنگێکی بەرزو سەیر کەوتە بانگکردن..

زۆری نەبرد بە هەمان ئیقاعی دەنگی جەیران دەنگ گەلێکی زۆر لە نێو قوڵایی تووتڕکەکانەوە

بەرزبوویەوە. پاشان باڵای کورتی تووتڕك کەوتە لەرزین وردە وردە دەیان ئاژەڵی کێوی وەك کەروێشكو ڕێویو چەقەڵو سمۆرەو چەندینی تر هاتنە دەرێ.

کچانو کوڕان واقیان وڕمابوو بە حەپەساوییەوە لەو هەموو ئاژەڵانە تێرامابوون. دوایین گیاندار کە لە تووتڕکەکان هاتە دەرێ، سەگە بۆرەی ئاوایی بوو کە بە (خوتیل) بانگیان دەکرد. خوتیل کە هێشتا خەمرو ترسی رابردوو لە نێو چاوەکانی هەستی پێدەکرا، خەڵکی ئاوایی ناسییەوەو کەوتە کلکەلەقێو حەپە حەپو لستنەوەیان، ئەوانیش تێکڕا هاواریان کرد:

-ئەی خوایە.. خۆ ئەمە خوتیلە.

یەك یەك لە باوەشیان گرتو تێر تێر نێو چەوانیان ماچ کرد.

نەسرەدینی مێردمنداڵ کە تا ئەو کاتە لە هەمووان زیاتری تووتڕك خواردبوو، دەموپلی یەکپارچە رەنگ بوو، بە دەمە زلەکەیەوە هەر لە لیبۆکی دەکرد.. هاواری کرد:

-تووتڕك پڕپڕە لە نهێنی بەڵام ئێمە باش لێی تێناگەین.

ناجی دیسانەوە لە جەیرانی پرسی:

-ئەی نهێنی ئەم دوو رەنگی رەشو سوورە چییە جەیران؟!



جەیران کەروێشکەکەی لە ئامێزی دانایە سەر زەویو پڕی کرد بە بۆڵە تووتڕکێکداو لەناو دەستیدا تووند گوشی، پاشان کە دەستی کردەوە هەردوو رەنگی سوورو رەشی تووتڕك تێك ئاڵابوونو بە لێواری دەستو پەنجە باریکەکانیدا دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕانە سەر سەوزە گیای بەر پێیو گیاندارەکانیش هەموو سەریان داگرتو بە زمان کەوتنە لستنەوەی دڵۆپەکانی سەر گیاکە.

جەیران هەر سەیری نێو لەپی خۆی دەکردو لە بەرخۆیەوە وتی:

-نازانم.. نازانم چ نهێنییەك لە هەڵبژاردنی ئەم دوو رەنگەدا هەیە رەنگە ئەم نهێنییە هەر بە تەنها خواو تووتڕك خۆیان بیزانن. دەبێ ئەم پرسیارە لە تووتڕك خۆی بکرێ.؟

بەپرتاو دوو کچ لە نێو باخەکەوە هاتنە دەرێ. یەکیان سەبەتەکەی دەستی بەرزکردەوەو هاوای کرد:

-تەماشا.. چ سەبەتەیەکی جوانمان چنیوە, وەرن پڕیکەین لە تووتڕكو بۆ نەنە سەلەی بەرینەوە.

بە گەیشتنی ئەوان سەر لەنوێ دەستیان کردەوە بە تووتڕك چنین. چەقەڵو ڕێویو گیاندارەکانی تریش خێرا خێرا بەزمانی نەرمیان شەربەتاوی سەر مەچەكو جەستەی کوڕو کچەکانیان دەلستەوە. ئەوانیش قاقا پێدەکەنینو گۆرانیان دەگوت. مەستببوون بە ژیان.

لە نێو ئـەو سروشـتە ڕەنگینـەدا تـەنها دەنگـی ئەوان بوو دەبیستـرا..

***

قـەدەرێـك بـوو خـۆر هـەڵـاتبوو. مـشـکەکـە وەك پیشەی هەمیشـەیی خۆی بە نێو ژوورەکـەدا فڕکـان فڕکانی بوو.

چراکـە خـامۆش.. جـەسـتە لـەڕو لاواز نـەنـە سـەلەش بە سـەر بەرماڵەکەوە گرمۆڵە ببـوو, بـەڵـام لـە سـیمای پـڕ چـرچو لۆچیـدا جوانییـەکـی بێوێنـەو بەسـەر لێوەکانییەوە خەنـدەیـەکـی لـەزەت بـەخـش دەبینرا.

هەر لەوکاتەشـداو لـە شـوێنێکی دوور دوور. لـە نێو دڵی بیابانێکی فراواندا هەندێ سـەگـی پـیسو چڵـێس بـە زمـان چـەوری سـەر ئێـسکیو پروسـك کوڕانو کچانی نەنە سەلەیان دەلستەوە.

***

# فڕین لەناو تاریکیدا

# فڕین لەناو تاریکیدا

پێشکەشە بە (سەرکەوت قادر) ئەو کورە کاکۆڵ قیتە هەمیشە دەم بەگۆرانییەی لەنیوە شەوێکدا خۆی سووتاندو ماڵئاوایی لێکردین.

شەو وەك ڕەش مارێکی ئەستوور گەمارۆی شارەکەی دابوو، هیچ هیچی بۆ نەدەبینرا، منو خەم خاتوونیش شپرزەو سەرگەردان بەو کوچەو کۆڵانانەدا سەرماخولانمان پێکەوتبوو. تاریکی نەیدەهێشت شوێنی مەبەستی خۆمان بەئاسانی بدۆزینەوە.

لەم کوچەو دەچووینە ئەو کوچەو لەوێشەوە بەرەو شەقامێکی تر. شارەکە پتر بەگۆڕستان دەچوو وەك لەئاوەدانی. جگە لەئاوازی غەمگینی شەو، خشپەی گەڵای دەم ڕەشابا کە بەکۆڵانە تاریكو لاچەپەکاندا گرمۆڵەی دەکردنو دەیبردن یان هەندێجار بەدەم سەمایەکی شێتانەوە پێستی ڕەشی شەویان بریندار دەکرد. هیچی تر ئاماژە نەبوو بەژیان. هەستم دەکرد لەو دیو دیواری ئەستووری خانوەکانەوە بۆنو بەرامەی خەوو تەنهایی وەك هاڵاوی بۆنداری سەر کولێرەیەکی گەرم بەرزدەبێتەوە.



لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا پێمان دەنا بەجەستەی وشکهەڵاتووی سەدان گەڵای هەڵوەریودا، کە تەرمەکانیان بەسەر شەقامەکانەوە چاوەڕوانی بایەکی توندیان دەکرد تا بەرەو نادیاریان بەرێ.

لەو شەوە پایزەییەدا، با جەلادێك بوو. بێ بەزەییانە لەگەڵ هەر شەپۆلێکدا بەهەزاران هەزار گەڵای هەڵدەوەرانو لەو تاریکییەداو بێئەوەی کەس پێ بزانێ مرندێکی پڕ نهێنیو شاراوە دەیکوشتن. شەوی ئافاتی گەڵاو سەفەری ئەفسوناوی منو خەم خاتوون بوو. کە وەك دو تارمایی ترسناك هەنگاومان بەنێو تاریکیدا دەنا.

ئەو شەوە، دوو پیربووین، دوو پیری هەڵاتوو لەقوڵایی زیندانی ئاکارو ژیان. دوو پیری ژێر باری پڕمەرگی جەنگە یەك لەدوای یەکەکان.

بەڵام ئێمە ئەمشەو هەست بەگوڕو تینێکی بێوێنە دەکەین. لەو دیو رووکاری دەرەکی ماقوڵو پیرییەوە، دوو منداڵی لاسار خۆیان حەشارداوە. دوو منداڵ کە دەبێ ئەمشەو قەرەبووی هەموو گەورەیەك بکەنەوە. دوو منداڵی لاسارو وڕکن، کە هەرگیز هەست بەترسو ماندووبوون ناکەن وێڵن بەدووی ئازادی دزراوی خۆیاندا. پتر لەدوو رووحی رووتو قووتی بێ جەستە دەچووین. دوو روحی ئازادو سەرفراز لەنێو رووحی بەرفراوانی شەودا. نەك دوو دەستەی پڕ چرچو لۆچی دزراوو سنووردار.

خۆشم سەیری لێدێ. ئاخر ئەم هەموو هەستو تواناو بزێویە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەم خەیاڵانەدا بووم کاتێك خەم خاتوون توند دەستی گرتمو بەئەسپایی چرپاندنی بەگوێمدا:

-پێم وابێ لەبازنەیەکی داخراودا دەخولێینەوە. لەنێو ئەم کۆڵانە باریكو تاریکانەدا بزرین.. بزر؟!

-نا.. بزرنین... بەڵام ئەم کۆڵانە نەعلەتییانە هەر لەکۆڵانی دۆزەخ دەچن. هەر هەمو دەچنەوە سەر یەك..!

ئەمەم لەدڵی خۆمدا وتو پەلی خەم خاتوونم گرتو لەتاریکییە خەستەکەوە کە وەك چرێش پێمانەوە دەلکا بردمە سەر شەقامێکی پانو پۆڕ. ئیدی لەوێوە شوێنی مەبەستی ئێمە بەدیار کەوت. خەم خاتوون ئۆخەیەکی پڕ شادی بۆ کردو لەژێر لێوەوە سوپاسی خوای کرد.

لەوبەری شەقامەکەوە دیوارێکی بەرزو درێژ دڕی بەتاریکییەکە دابوو. بەپەلە خزاینە بن دیوارەکەوە, ئەو دیوی دیوارەکە شوێنی ئێمە بوو. وردەوردە بەژێر دیوارەکەدا بەرەو سەرەوە هەڵکشاین.

خەم خاتوون نێو لەپی لەدیوارەکە دەخشان، وەك چۆن خەڵکی دەستیان بەمەزارێکی پیرۆزدا دەهێنن کتومت ئەئاوها. ئەوێستاو لەودویی ئەم دیوارەوە بەهەشت بەهەموو جوانییەکانییەوە چاوەڕوانمانە. ئەو بەهەشتەی مرۆڤ هەتا دەمرێت خەوی پێوە دەبینێت. ئەمشەو ئێمە منو خەم خاتوون دبینە ئادەمو حەواو چیرۆکی سەرەتای ژیان



سەرلەنوێو لەم شەوە ئنگوستە چاوەدا دووبارە دەکەینەوە. وەلێ بەجۆرێکی تر. نە لەخەیاڵی سێو خوارنداینو نەهیچ شەیتانێکیش بەخەبەرە تا فریومان دات. ئیدی خوایش هیچ پاساوێکی بەدەستەوە نییە, تا بەقین بێت لێمان. ئەو کات بەهەشتێکی ئەبەدی دەخولقێنێو نەعیشقی ئێمەو نەعیشقی کەسی تر نابێتە قوربانی نانو مەرگ.

کاتێك خۆمان لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەدا بینییەوە. سووکو ئاسان بێهیچ ڕێگرییەك چووینە ژوورەوە. بۆ نێو شاری یاری، بۆ نێو بەهەشتەکەمان. بەهەشتی ئێمە بەتەنها. لەناوەوە یەکەم شت کەبەخیاڵماندا هات. خەم خاتوون بوو. بەوردی لێم روانی، لەخۆشیدا رەنگی پێوە نەمابوو. هەستم کرد بەختەوەری وەك سێڵاوی پاش بارانێکی زۆری زستان لەناخەوە هورژمی بۆ دوێنێو بەهەموو گیانیدا دەگەڕێ. ئاسان نییە لەهەموو تەمەنتدا یەك کەڕەت بەربەختەوەری بکەویتو لەپەلوپۆت نەخا. بەپەلە خۆیدا بەسەر ئەو شوێنەدا کە تایبەت بەدانیشتن کرابوو. سەیرو حاڵگرتوو بەدەوروبەری خۆیدا دەیروانی. هەڵبەت ناوەوەی بەهەشت هێندەی دەروە تاریك نەبوو بەئاسانی دەمانتوانی چواردەوری خۆمان تا ئەندازەیەکی باش ببینین. بەئەسپاییەوە چوومە تەنیشتییەوەو دانیشتم، قەدەرێك پاشتر دەستم خستە سەرشانیو پێموت.

-خەم خاتوون هەستە باپڕۆین.. ئێرە تەنها دەروازەیە.

هەستاو پێکەوە بەئەسپایی، بەسەر ئەو رێگا کۆنکرێتییەدا کەوتینەڕێ کە پێچاوپێچ بەنێو باخو چیمەنەکەدا دەڕۆیشت. یەکەم دیمەنی سەرنجڕاکێش کە بەردیدەمان کەوت. ئەو ئەژدیها زەبەلاحەبوو. کە بەسەر پانتاییەکی بازنەیی ئاوەوە دەخولایەوەو جار جارەش لەکونەلوتە گەورەکانییەوە. تۆپەڵ تۆپەڵ ئاگری گەشی فڕی دەداو تاریکییەکەی لەخۆی دووردەخستەوە.

ماوەیەك بەدیاری ئەژدیهاکەوە رامایتو پاشان بەدەستەکانمان ماڵئاواییمان لێکردوو بەرەو یارێکانی تر بەڕێکەوتین.

بەهەشتی ئێمە پڕپڕ بوو لەیاری خۆشو جوان جوان. بەهەر لایەکدا دەڕۆیشتین یارییەکی سەیرو سەمەرەو عەنتیکەترمان بەدی دەکرد.. یاری رمبازێو سەرماخولانو بازەفڕێو بابەخولێو یاری پێشبڕکێی ئۆتۆمبیلو جوومناستیکی...

لەخۆشی ئەو هەموو یاریانەدا جێمان بەخۆمان نەدەگرت. مەست مەست ببووین بەشادی. تا لەپڕ خەم خاتوون هاواری کرد:

-تەماشا.. تەماشای ئەو شەمەندەفەرە درێژە.. وای خوایە کەجوانە.. دەی خێرا بابچین.. حەزم لەسواربوونی شەمەندەفەرە...



چووینو پێکەوە سەرکەوتینە سەرێو لەنێو یەکێك لەفارگۆنەکانیدا جێگەی خۆمان گرت. پاش کەمێك شەمەندەفەرەکە یەك شەیپوری درێژی لێداو وردەوردە بەجوڵەکەوت. بەسەر سکەی دیاری کراوی خۆیدا بردینی. تەواوی شاری یارییەکەی پێ تەی کردین. هەندێجار تیژ دەیبردینو هەندێجاری تریش هێدیو لەسەرخۆ.جارناجارێکیشو لەپڕ شەیپورێکی بەرزی لێدەداو درزی دەخستە بێدەنگی شەوەوە. کە کزەبای ساردی نیوە شەوی پایزی بەر رووم دەکەوت. وام هەست دەکرد پاڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەیەکانمو وام بەسەر باڵی سیمرخەوە.

لەجێگەیەکی نێو شاری یارییەکەدا شەمەندەفەرەکە وەستاو ئێمەش بەپرتاو خۆمان هەڵدایە خوارێو کەوتینە راکردن. لەهەموو تەمەنمدا هێندە سووكو ئاسان غارم نەداوە. تابڵێی شەوێکی سەیرو سەمەرە بوو. کەسمان هەستمان بەماندووبوونو بێزاری نەدەکرد. دەتوت دوو فریشتەین نەك دوو مرۆڤی پیرو کەنەفت.

ئەو شەوە بەختەوەری لێنەدەگەڕا ساتێك لەخودی خۆمان رابمێنین. منداڵی لاساری نێو روحمان چڵكو چرچو لۆچی دەیان ساڵەی رابردوومانی پاك کردبۆوەو بێئاگا یاری پێدەکردین. ئێمە وەك دوو ئەسپی پیری ژێر عەرەبانەیەكو ئەویش چەشنی ئەسپەوانێکی هەرزەکار قامچییەکەی لەناخمان رادەوەشاندو بەرەو ژیانو

یارتەکان دەیئاژووین. بەسەرو چیمەنەکەداو بەنێو داودرەختیی باخەکاندا غار غارێنمان بوو لەم بن دارەوە بۆ ئەو بندار, دەتوت ئەو شەوە هەرچی خۆشیی‌و جوانی گێتی هەیە بەمنی ئادەمرو حەوای هاوڕێم بەخشراوە. دەتوت ئەو شەوە هەرچی پێکەنین‌و ژیان هەیە لەگەرووی ئێمە دێتە دەرێ. شوێن‌و زەمەنێکی پڕ سیحرو ئەفسوون بوو. ئەوەی بێئاگابووین لێی تاریکی‌و سەرماو سۆڵەی شەو بوو. پڕ پڕ بووین لەڕوناکی‌و شێتی.

خەم خاتوون بەر لەمن رای دەکردوو بەقڕیوەو لاقرتێوە ئاوری لێدەدامەوەو منیش بەدوایدا. دەنگی قاقای پێکەنینیشمان لەپێشی هەردووکمانەوە دەنگی دەدایەوە. تەواوو بێئاگابووین. تا لەپڕ سەرسامانە وەستاین‌و تێرامانە پێشی خۆمان. ئای خوایە.. چ دەبینم.. چەرخو فەلەکێکی زەبەلاح رەپو راست لەبەردەمماندا بەدیارکەوت. هێندە گەورەو بەرزبوو دەتووت دێوی سپی نێو ئەفسانەکانە. ئای ئەمە چ دڵخۆشییەکە وا خەریکە دەمکوژێ. من لەهەموو ژیانمدا ئاواتەخوازبووم پێ بنێمە نێو جەرخو فەلەکێکی شەقوشڕی نێو کۆڵانە هەژارەکانەوە کەچی ئێستا وا لەبەرەم گەورەترین‌و سەرسوڕهێنەرترین چەرخو فەلەکی دنیادام.

خەم خاتوون بێئاگا لەمن سەری هەڵبڕی بوو هەروا تەماشای دەکردو دەمی داچەقاندبوو نوتقی بۆنەدەکرا.



بێئاگا لەو شەوە زەنگەکپەداو بێ ویستی خۆم لەپرمەی گریانمدا، خۆشم نەمزانی بۆ، بەڵام هێندە بەکوڵ گریام. جەرگو دڵم وەخت بوو ببن بەفرمێشك‌و بەڕوومەتەکانمدا بێنە خوارێ. پاشان هەر لەگەڵ قوڵپی گریاندا، قاقا پێکەنین کەوتم. پێکەنین‌و گریانم تێکەڵ بوون، هەستم بەئارامییەکی بێوێنە کرد. هەر بەو حاڵەوە بەخەم خاتوونم وت:

-وەرە بچینە سەر ئەو چەرخو فەلەکەو بۆ هەتا هەتایە نەیەینە خوارەوە هەتا مردن لەگەڵیدا بخولێینەوە....

خەم خاتووم رووی بۆ وەرگێڕامو بەرزتر لەمن هاواری کرد:

-تاقامی قیامەت.. تا قامی قیامەت..

خۆمان هەڵدایە نێو یەکێك لە خانە زۆرەکانی چەرخو فەلەکەکەوەو بەتەنیشت یەکەوە رۆیشتین. هاوارم لێکرد.

-دەی پیرە چەرخو فەلەك.. هەتا دەتوانی خێراو تیژ بەدەوری هەموو گێتیدا بمخولێنەوە.. دەی هەتا دوا سنوور گێژوو وێژمان کە. ئێمە ئەمشەو میوانی تۆین..

چەرخو فەلەکەکە وەك گیاندارێکی بێوێنەی زەبەلاحی خاوەن هەستی هەستیاری بیستن.. لێ نەگەڕا ئێمە هیچی تر بڵێین‌و خۆبەخۆ وەجووڵە کەوت.. سەرەتا لەسەر خۆو پاشان تیژو تیژتر.. بەپێچەوانەی ئاراستەی دانیشتنمانەوە وردەوردە

بەرەو سەرەوەی هەڵکشاین. سات دوای سات بەرزو بەرز تری دەکردینەوە. هەستم بە ترسو شڵەژانی خۆمو خەم خاتوون کرد. کاتێك گەیشتینە ئاستی هەرە باڵای بەرزی چەرخو فەلەکەکە. کەوتبووینە نێو تەمو مژی هەورەکانەوە. لەو بەرزاییەوە تەواوی شار کەوتبووە دامێنمانەوە. لەگەڵ سووڕانی سەرمدا، بەتەواوی شارەکەدا روانیم جگە لەهەندێ گەڕەکی ئەم کە لێرەو لەوێ هەست بەڕووناکی کزی سەر شەقامو بەرهەیوانی ماڵەکانی دەکرا. تەواوی شار کەوتبووە نێو تاریکییەوە هەر هێندەم بینیو چەرخو فەلەکەکە لەوە زیاتر لێ نەگەڕاو بەرەو خوارەوە تیژ تر بردینی. تەزوویەکی پڕ ترسو خۆشی وتیژ لەنووکی پەنجەی پێمەوە هاتو تا تەوقی سەرم نەوەستایەوە. خەم خاتوون توند توند لەناو قەدەوە باوشی پیاکردم. جارێکی تر هاتینەوە شوێنی ئەوەڵی خۆمانو لەوێشەوە سەر لەنوێ سەرکەوتینەوە...

ئیتر چەرخو فەلەکی سیحری بەردەوام هەر دەیخولانینەوەو لەگەڵ هەر خولانەوەیەکیشداو لەئاستی هەرە باڵادا دەم روانییو شتەگەلی سەیرو پڕ نهێنیو خەماوییم دەبینی.. شارم دەبینی غەرق بوو لەڕووناکیداو شاریشم دەبیی غەرق بوو لەتاریکیدا، مرۆڤم بینی لەڕووناکیداو مرۆڤك بینی لەتاریکیدا.. دوور زۆر دوور کێڵگەی سەوزو باخو باخاتی چڕم بینی. لەنێو ئەو باخانەدا هەنارەکانم دەبینی شەقیان دەبرد. پرتەقاڵەکان زەرد بوون؟؟؟



ژیژگێکم بینی باری سێو بوو، دار کونکەرەیەك بەقەد سپیدارێکەوە پەنجەرەیەکی بۆ عیشق لێدەدا.

کۆترێك بەچڵە پووشێکی نێو دەنووکی لەهەوڵی رزگارکردنی ئەو مێروولەیەدا بوو کە کەوتبووە نێو جۆگەلە ئاوێکەوە.

چۆلەکەیەکم بینی دەرسی بەبێچووەکانی دەداو بەجریوەوە دەیگوت: (ئەوەی کەدەیەوێ رۆژێك فڕین فێربێ.. دەبێ لەپێشدا وەستانو رۆیشتنو هەڵاتنو سەرکەوتنو سەماکردن فێربێ فڕین بەفڕین دەست پێ ناکات).

نزیك نزیك گوندم دەبینی دەستووتا.. پاشماوەی سووتاوی ئەو کێلگانەم بینی کە هێشتا بەهێڵی باریك دووکەڵی رەشو سپی لێبەرز دەبوویەوە...

هەندێ دیمەنم دەبنی شاگەشکە دەبووم لەخۆشیدا، بەڵام دیمەن گەلی زۆری تریش دڵتەنگو پەرێشانی دەکردم. جارجارە بزەی شادی دەکەوتە سەر لێوانمو جارووباری زۆرتریش فرمێشك بەرچاوانی لێڵدەکردم.

لەگۆشەیەکی شارەکەدا پیاوێکی رووتەڵەی بێ مەئوام بینی. لەژێر درەختێکی زەبەلاحدا نیوە مردوو راکشابوو. برسێتی لەناوەوە هێرشی بۆ دەهێناو لەدەرەوەش کڕێوەو بەفرو سەرما بێ رەحمانەو لەهەموو لایەکەوە پەلاماری دەدا.. بەچاوی خۆم بینیم ئەو پیاوە بێکەسو بێجێگایەو بەتەنیشت

هەموو ماڵانی گەرمی شارەکەوە سەرماو کڕێوە رووحیان پێچایەوەو لەگەڵ خۆیاندا بردیان...

لەنێو ماڵی تاریکی ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا. قەیرە کچێکی لەشەو رەشپۆشترم بینی. جلی سپی بووکێنی پۆشیو لەبەردەم ئاوێنەیەکدا کەوتە تەماشاکردنو تێرامانی خۆی، چین چن فرمێسکی گەش بەڕوومەتەکانیدا دەهاتنە خواریو بەدەم گریانەوە دەیگووت:

-هەژدە ساڵەو هەموو رۆژێ ئەمە کارمە. جلی سپی بووکێنیم دەپۆشمو لەچاوەڕوانی تۆدام بێیتو بمکەیتە بووك.. کەچی تۆی زەوا هەر نەهاتیتو نایەیت....

کچۆڵەکانی گەڕەك ئەوانی لەباوەشی مندا گەورەبوون، هەموو بەیەك کەرەت، بەرگی سپی بووکێنیان لەبەرکردوو بوونە بووك، زاوا هاتو لەکەژاوەی کەوتنو بردنی ماڵی خۆیانو ئێستا کەیبانوون.. کەچی هەژدە ساڵەو هەموو رۆژێ من دەبم بەبووكو تۆ نایەی بمبەیتو بمکەیتە کەیبانووی ماڵەکەت.. خۆزگە منیش وەك ژنانی تری ئۆردوگاکە بێوەژن بمام، نەك بێوە بووك...)

دوای گریانو لاوانەوەی زۆر. چاوم لێبوو کراسی سپی لەخۆی داماڵیو، خستییەوە نێو دۆڵابێکی لەئاسنو بەو کلیلەی بەفەقیانەکەیەوەی بەستیوو.. دۆڵابەکەی کلۆم دا.



دوور لەنێو باخچەیەکی سەوزی پەلكو پرچ پەمەییدا. پڕ لەباڵندەو درەختی بەرز بەرزدا، خانوویەکی چکۆلانەم بینی بەسەر فەرشی گیاوەو لەهەموو لایەکەوە بەدار هەنارو سێوو پرتەقاڵو مێوو لاولاوەوە تەنرابوو، لەپەنجەرەی کراوەی ماڵە رەنگینەکەوە. پیاوێکی باریکەلەی سەرو سیما ریشنم بەدی کرد. کە بەسەر پاڵێنێکی گەورەوە خەرکی وێنەکێشانی ژنێك بوو لەدەسکەوانەکەیدا نووری ئەکووتی.

بینمرو گوێم لێبوو وێنەکێشەکە لەگەڵ وەستانی فڵچەکەی دەستیدا، لەژێر لێوەوە دەیگووت: (ئەگەر بۆ سۆراخی من دێی زۆر بەئەسپایی وەرە. نەبا درز بەرێ، چینی ناسکی تەنیایی من).

بەسەر منارەی بەرزی مزگەوتێکەوە، ، حاجی لەقلەقێکم بینی. لەنێو هیلانە گەورەکەی خۆیدا سەرگوزشتەی رۆژانی رەشی شەڕی ناوخۆی بۆ دوو لەقلەقی میوان دەگێڕایەوە. لەگەڵ وتندا خوێنێکی گەشو سوور لەکوونەکانی ملو سەر سینگێوە بەتەوژم فیچقەی دەکرد. بەڕادەیەك هیلانەکەی پڕ پڕ ببوو لە خوێن. لەوێشەوەو لەگەڵ پووشو پەڵاشی وردی نێو هیلانەکەدا بەقەدو باڵای سپیو لووسی کاشی منارەکەدا خوێنەکە بەرەو خوارەوە جۆگەلەی بەستبوو. لەوێشەوە رێك دەچووە نێو ئەو حەوزە گەورە پڕ لەئاوەوە کەخەڵکی دەستنوێژیان لێ هەڵدەگرت. بینیم مەلای مزگەوتەکە لەمینبەرەکەی خۆیەوە بەتوندترین شێوە

خوتبەی دەداو هەردەستو پەنجەی شایەتمانی رادەوەشاند. کەتامەچەکی سوور سوور هەڵگەڕابوو، بەڵام ئەو خەڵکە نەسووری دەستو پلی خۆیانو نەدەستو پلی خوێناوی مەلاکەیان نەدەبینی.

دایکێکم بینی پەلی منداڵەکەی توند گرتبوو بەدووی خۆیدا کێشی دەکرد. منداڵەکەشی ورکاوی‌و گرینۆك خۆی لە زەوێکە گیرکردبووو هاواری دەکرد. ناگەڕێمەوە قوتابخانە... لەو شەوەدا چەرخو فەلەکی سیحری ئێمە بەردەوام هەر دەخولایەوەو ئێمەی جوانیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو دەبرد.

خەم خاتوونیش من ئاسا مەست بوو بەبینینەکانی خۆی، بەڵام کەسمان بەدیمەنەکانی یەکتریمان نەدەزانی.

جارێکی تریش چەرخو فەلەك بردینییەوە لووتکەی خۆی‌و چاوانیش کەوتنە گەڕان.

لەنێو یەکێك لەگۆڕستانە بەرزو تاریکەکانی شاردا. کوڕێکی کاکۆڵ پیتی مردووم بینی، مەسیح ئاسا لەگۆڕەکەی خۆی هاتبووە دەرێو بەسازەکەی دەستی خەماویترین ئاوازی دنیای دەژەن. ئەو مردووە ئاسایی نەبوو، هەتا سەرسنگی لەئاگربوو. ئاگرێکی گەش‌و گەرم، کە دەستو پەنجەی ئاگرداری بەسەر وەتەری سازە لەئاگر دروستبۆکەیدا دەهێنا..پرشی ئاگر بەهەموو لایەکدا دەباری‌و خۆیشی لەژێر لێوەوە نەرم گۆرانییەکی غەمگینی دەچڕی.



بینیم خەڵکێکی زۆر بەدەوری ئەو کوڕە ئاگراوییەدا کۆمەڵیان بەستووەو شەرمەزارانە سەریان خستبۆوە نێو کۆشیانو گوێیان لێ دەگرت، بەڵام کەس زاتی ئەوەی نەبوو سەیری قەدو قامەتی ئاگراوی‌و چاوە گەشەکانی بکات.

کوڕی ئاگر تەواوی گۆڕستانە تاریکەکەی رووناك کردبۆوە.

کوڕی ئاگر شێتو شەیدایانە گۆرانی دەوتو پەنجە باریك‌و ئاگراوێکانی بەسەر وەتەری سووری سازەکەدا دەهێناو دەبرد. لەژێر لێوەوەو بەئەسپایی گۆرانی دەگوت.

-دەسووتێمو دەمێنم.. دەسووتێمو دەڕۆم.. بشگەڕێمەوە سەر لەنوێ خۆ دەسووتێنمەوە.. ژیان بۆ چی؟ هەموو شت پووچە. ژیان کاشەنکردنە. ژیان یانی خۆ سووتاندنو گەرم نەبوونەوە.

دەنگو دیمەنی ئاگراوی ئەو کوڕە هێندە کاریگەربوو پەرێشانی کردمو هێزو گوڕو تینی تێدا لووشتم، لەشۆڕبوونەوەی خانەی چەرخو فەلەکەکەدا لەرز گرتیمی‌و بێئاگا لەخۆم تیژو لەسەرسەر بەرەو زەوییە کۆنکرێتێکە، بەربوومەوە. لەسەرەوە خەم خاتوون هاوارو تیژەی لێ بەرزبووەوەو هەر (الله اکبر)ی بوو.

هەموو رووداوەکە چەند ساتێکی کورت خایەنبوو. سەرم کەوت بەکۆنکرێتەکەداو لەگەڵ ناڵەیەکدا تەقی.

مێشکم پرشاڵ پرشاڵ بوو. ئێسكو گۆشتو خوێنم بەهەموو لایەكدا پژاو سەیرترینو پرنهێنی ترین وێنەی لێ نەخشا. لەگەڵ هاوارێکی بەرزدا ڕاچەنیمو بەئاگا هاتمەوە.. هەستم بە ئارەقی لینجو ساردی تەواوی جەستەم کرد. لێفەکەم لەخۆم کردەوەو بەنێو لەپم ئارەقی نێو چەوانەم سەری و بەتەواوی ژوورە پەرپووتەکەدا ڕووانیمو هیچم بەدی نەکرد. دینا هێشتا تاریك بوو. ژوورەکەم تاریکتر. .بەئاستەم گوێم لەدەنگی مەلایەك بوو بانگی دەدا (الصلاە خیر من النوم).

دەستم بەژێر سەرینەکەمدا گێڕاو پاکەتو شقارتەکەم هاتە دەست بەتریشقەی دەنکە شقارتەیەك ژوورەکەم بۆ چەند ساتێك ڕووناك کردەوەو جگەرەکەشم داگیرسان، بەمژێکی قووڵ سینگو هەناوی خۆم پڕ لەدووکەڵو تاریکی کرد. چوومە ژێر باری خەمێکی قورسو لەناخەوە هەرچی جنێوی ناشیرینو پیس هەبوو بەخۆمم وت.

-ئاخر ئەی پیرە پیاوی ملهوڕو بێ کەڵك، تۆ کەمنداڵیو لاویت نەبوو، تازە بەتازە دەتەوێت بەخەون ئازادی دۆڕاوی منداڵی بەدەست بهێنیتەوە.ئاخر نەگبەت ئەم هەموو یادەوەرییە تفتو تاڵانە چۆن لێ دەگەڕێن، تۆ خەونی منداڵی بژێیت، ئاخر نازانی لەدۆزەخدا بەخەونیش ناکرێ بەهەشت وەچنگ بخەی.. ئەی داماوی ئەحمەق. ئەی هەنبانەی غەمگینی ئاخهەڵکێش..



پاشان ئاورم لەژنە نووستووەکەی تەنیشتم دایەوە: ئەو ژنەی پتر لەچل ساڵەو بەبێ دەنگی لەنێو تەمی تەنیایدا درێژە بەژیانی کولەمەرگی دەدەین، ئەو لەخەوی قووڵی خۆیدا بوو، پێدەچێ لەنێو چەرخو فەلەکەی سیحری خەونی خۆیدا، ئەویش منداڵە بێسەرو شوێنەکانی خۆی دۆزیبێتەوە. بەڵام نەدەکرا بەئاگای نەهێنمەوە. بەئەسپاییەوە شانیم ڕاوەشاندو چپاندم بەگوێیدا.

-هەستە سپێدەیە. کاتێ نوێژە..

ئیتر نازانم بۆ بەرلەوەی ئە وبائاگا بێتەوە، بزەیەك خۆی هاویشتە سەر لێوانمو ئەو دوو دێڕە شیعرەی حەزرەتی (مەحوی)یم هاتەوە یاد

دنیا تیا ترۆیە. مەوەستە تیا پڕۆ

کێ مایەوە تیا کەنەبووبێ تیا ترۆ

***

کانیلەی سـوێر



کانیلەی سـوێر

لەقوڵایی چەمەکەداو لەنێو نەمامە تازە هەڵچووەکانو دڕكو داڵو توتڕکەکاندا. کونەدە پەپوویەك بەردەوام دەخوێنێت.

لەمێژە شەو رۆژ دەنگی دێت. کەس نازانێ لەترسی تەنهاییە، یان دەیەوێت نهێنیەك بدرکێنی، کەپێ ناچێ کەس لێی بگات.

رێك بەرامبەر بەچەمەکەو بەسەر بەرزایی تەپۆڵکەکەیەوە کانیەك تەقیوەتەوەو ئاوێکی رون دەڕژێنێتە نێو چەمو پێ دەشتە وشكو شەقار شەقار بۆ کەداو سەرلەنوێ تەڕو پاراویان دەکاتەوە.

لەقرچە قرچی وەرزی هاوینی گەرمی گەرمیاندا کانیو چەمەکان تەنانەت هەندێ کەڕەت خاسەو رۆخانەش وشکدەبنو ئاو دەبێتە قاتی، گەرما هەموو تەڕیو فێنکیەك لووش دەدات. ئا لەو گەرمای تاو سانەدا تەقینەوەی کانیەكو بەسەر یاڵێکەوە روداوێکی سەیرو پڕ نهێنیە.

خەڵكو خوای ناوچەکە بەترسو گومانەوە لەکانیەکەیان دەڕوانیو قسەو باسی سەیرو عەنتیکەیان لێ دەگێڕایەوە، بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە بۆیان دەرکەوت ئاوی کانیەکە وەك هەر ئاوێکی تری ناوچەکە شیرین نیەو تا بڵێی تامێکی سەیری هەیە.

پیرەکان لەهەمووان زیاتر لەمبارەیەوە باسو خواسیان دەکردو هەرکە لەسەر حەوزو مزگەوتو



دیوەخانەکاندا پێکدەگەیشتن باس باسی سوێرە کانیلەبوو.

-تەحا .. لەم کانیە سەیرە .. بەخوا برا حونەرە؟!

-بەبیرەوەری خۆمو باوو باپیرم، نەبووە لەم وەرزی هاوینەدا کانیەك تەقیبێتەوە .. نەخوازەڵاش بەسەر گردێکەوە .. پە ح ح ح لەکاری خوا.

-وەکەلامی خوا .. ئەمە غەزەبە .. ئاخر ئەم ناوچەیی ئێمە کوا ئاوی سوێری هەیە. پێی ناوێ غەزەبی خوایەوە بەرۆکی پڕ تاوانو گوناهی گردووین.

ژنانیش سبەینان کە دەچوونە سەرکانیو بیرەکان بەترسەوە ئاویان تام دەکردوو ئەمجا گۆزەکانیان لێهەڵدەگۆزی. تا ئەم کاتەش دەیان حەکایەتو بەسەرهاتی سەیریان لەبارەی کانیەکەوە دەگێڕایەوەو گوێ لێدەبوو.

هەواڵی کانیلەی سوێر وەك گڕی بەر وشکە پووشی مانگی جۆزەردان بەتەواوی وڵاتدا تەشەنەی سەند. کار گەیشتە ئەوەی لەهەموولایەکەوە پەیتا پەیتا خەڵك بەرێوەبون بۆ بینینی کانیەکەو، لەگەڵ خۆشیاندا نەخۆشو گولو پەککەوتەکانیان دەهیناو بەنیازی چاکبوونەوەو پاکبوونەوە لەئاوی کانیکەیان هەڵدەشەپاندنو دەرخواردیان دەدان. پاشان، لەگەڵ خۆیاندا چەندیان بۆ پڕۆشتایە ئاوی سوێریان دەبرد.

هەر لەنزيك كانيەكەوە دەروێشێكى گەرميانى كەپرێكى لێداو شەوو رۆژ بەديار كانيەكەوە نوێژو حەى ئەڵڵاى دەكردو دەفى دەكوتى.

هەميشە كە خەڵك لەكانيەكە نزيكدەبوونەوە، دەمى لێدەكردنەوە بەسەرياندا هاوارى دەكرد.

-لاچن .. دەى پڕۆن .. ئێرەش مەكەنە شوێنى سەيران‌و رابواردن .. ئێرە شوێنێكى گەورەو پيرۆزە بۆ ئێوە دەسنادا. مەنزڵگاى شێخ‌و موشايخ‌و پياو چاكانە .. مەگەر نابينن چۆن بۆ بەدبەختى‌و بێ ئيمانى ئەم مەخلوقاتە سەرلێشێواوانە دەگرين. رۆڵكانم ئەمەى ئێوە دەيبينن ئاو نييە .. ئەمە قوڵپى فرمێسكى ئەوانە لەم زەوييە رەقەڵانەوە سەر دەكا .. پڕوانە بۆ نەگبەتيەكانى ئێوە دەگرين .. بۆ تێناگەن.

لە نيوە شەوا، دەنگى كوندە پەپۆكەو نزاو نووزەى وشكە دەروێش‌و قوڵپە قوڵپى ئاوى كانيەكە شەوى تاريكى سروشتيان سامناكتر دەكرد.

رۆژێك چەند زانايەكى بوارى جيۆلۆجى، بەخۆيان‌و كەرەسەو ئامێرەكانيانەوە هاتنە ناوچەكەو داوايان لەخەڵكى كرد كە بيانبەنە سەر كانيەكە.

ئەو دەستە زانايە بەياوەرى دوو رۆژنامەنووس لەپايتەختەوە بەمەبەستى لێكۆڵينەوەى زانستيانەى كانيەكە وەڕێكەوتبوون. چونكە رۆژ نەبوو لەرۆژنامەو كەناڵەكانى وڵاتەوە شتى سەيرو سەمەرەو چيرۆكى زۆرو جۆراو جۆرى لەبارەوە نەوترێت. ريش سپى‌و پياو ماقووڵ‌و منداڵ‌و تەنانەت



ژنانيش كەوتنە هاوشانى زاناكان، حەشاماتێك بەو پێ دەشتە قاقڕو وشەكەى ژێر هەتاوى گەرمى گەرمياندا بەرەو كانيەكە بەڕێكەوت‌و دەمە دەمى نێوەڕ گەيشتنە شوێنى مەبەست.

تيشكى خۆر دەشت‌و دەرى دەبرژان دارو بەرد وەك گەنمەشامى دەتەقين. دەنگى ناسازى زيكزيكەكانى نێو بنچكە تۆزاوێكان، هەر لەزريكەو فيزاحى ئادەميەكانى نێو دۆزەخەكەى خوا دەچوون. كە هەتا هەوا گەرمتر بووايە، ئەوان زياترو باشتر دەيان زريكاند. پاش هەندێ پشكنينى سەرەتايى زاناكان لەنێو خۆياندا كەوتنە چپەو ورتە ورت.

-هيچ ئاماژەيەك نييە بەوەى ئەم زەويە خۆى يان هەر جۆرە كانزايەكى ترى تێدا بێت. سوێر بوونى ئەم ئاوە دياردەيەكى سەيرو نامۆيە.

-لەوانەيە سەرچاوەى ئەم ئاوە زۆر دوور بێت‌و بەرێكەوت لێرەدا هەڵتۆقيبێت.

پاشان لەپێناو وەدەستهێنانى سەرە داوێكى زانستى‌و مەنتقى كەوتنە هەڵدڕينى كانيەكە.

دەروێشەكە كەتا ئەو كاتە هەروەك خەڵكەكەى تر تەماشاى دەكرد، چى تر خۆى پێ رانەگيراو پەلامارى دان‌و كەوتە ناڵەناڵ.

-كۆيلەكانى خوا، ئێوە بەتەماى چين، وازبێنن چاوى ئەم كانيە كوێر مەكەن. دەستێوەردانى كارو نهێنى خوا بۆ مرۆڤ باش نييە. وازبێنن، قازمەو بێڵى تێوەرمەدەن.

هەرچۆنێك بێت ئەو خەڵكەی كە تا ئەو كاتە لەشێوەی بازنەیەكی دەورەی كانیەكەدا رەق راوەستابوون‌و هەر تەماشایان دەكرد، هاتنە بەینەوەو وشكە دەروێشیان بەپاڵ‌و راكێشان بۆ ژێر كەپرەكەی دوور خستەوە.

هێشتا نیو مەترێكیان چاڵ هەڵنەكەنیبوو، كاتێ لەبنی چاڵەكەدا بازنەیەكی سپی بچووكیان بەدی كرد .. بەئەسپای كەوتنە دەرهێنانی ئاوو قوڕی چاڵەكە، لەو كاتەدا كزەبایەك تۆزو غوباری گەرمی لولكردوو بووە گەردەلوول. تەپو تۆزێكی بۆرو تیژ بۆ چەند ساتێك تەواوی حەشاماتەكەی لەنێو خۆیدا غەرق كردو پاشان وەك گێژەڵوكەی نێو دەریا تیژ بەرەو چەمەكە شۆڕ بووەوەو لەگەڵ خۆیدا هەموو پووش‌و پەڵاشی ئەو دەورو بەری پێچایەوەو بردی. غەڵبەغەڵبی بەچرپە كەوتە نێو خەڵكەكەوە. دەروێشەكە بەدوو چاوی زەق‌و بڕۆی ئەستورو رەشی تێكەڵ بەپرچی درێژ، دیسانەوە بەخۆی‌و دەف كوتانەوە هاتەوە پێشەوە ئەم كەرەتەیان گەرمو گوڕتر لەگەڵ (حی الله)دا شێت ئاسا بەدەوری خۆی‌و خەڵكەكەدا دەخولایەوە، سەیرو سامناك حاڵگرتبووی دەتووت لەگەڵ گەردەلوولەكەدا وەحی پێگەیشتووە.

دەنگی دەفەكەو شڵپو هۆڕی قوڕاوی ژێر دەمە قازمەكەو نیگای ترس لێنیشتووی حەشاماتەكە پێشبینی كارەساتیان دەكرد.



بەئەسپای قوڕاوەكەیان فڕێدایە دەرەوەی چاڵەكە ئەوەی مایەوەو بەدیار كەوت بووە مایەی تۆقین‌و سەر سورمانی هەمووان. ئێسكە كەلەسەرێكی سپی، ئاو لەهەردوو كونی جێ چاوەكانیەوە بەتەوژم دەهاتە دەرێ.

كەلەسەرێكی بەئێسكبووی كۆن. كەمەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ هی چ كەسێكەو لەچ سەردەمێكدا مردووە. ئاو بەهەردوو جێ چاوانیدا دەرژێتە دەرێ‌و بۆتە ئەم كانیەی كە هەموو خەڵكی بەخۆیەوە سەرقاڵكردووە. دەبێ چ نهێنیەك لەم كەلەسەرەدا خۆی مەڵاس دابێ.

زاناكان رەپو راست بەدیار چاڵەكەوە وەستابوون‌و بەچاوی زەق‌و گوومانەوە تەماشای كەلەسەرەكەیان دەكرد كە لەبۆشایی چاڵەكەداو وەك میزەڵانی دەستی منالێك بەزنجیرە ئێسكێكی پچڕ پچڕی باریكی ملییەوە بەزەوێكدا داكوترابوو. كەچی وەك دوو بۆری ئاوی روون بەچاوەكانیدا دەرژانە دەرێ . ئاخر زمانی زانست‌و مەنتیقی ئەوان لەبەرامبەر ئە ئاوها دیمەنێكدا جگە لەلاڵبوون هیچی تری پێ نەدەكرا.

دەروێشەكە بەبینینی كەلەسەرەكە هێندەی تر گڕی گرت‌و وەك ئاو رۆشنكەرەوە جێی بەخۆی نەدەگرت‌و خێرا خێرا رووی دەكردە خەڵكە كەو هاواری دەكرد.

-نەمگووت .. نەمگووت ئێرە نزرگەی شێخو موشایەخانە دەی خێرا سەری داپۆشنەوە، تا بەر غەزەبی خواو پیاو چاکان نەکەوتووین..

هەندێ لەحەشاماتەکە خۆیان پێ رانەگیراو لەترسا هەڵهاتن. رۆژنامە نووسەکان خێرا خێرا وێنەی کەلەسەرەکەو دەروێشەکەیان دەگرت. زاناکان ماتو حەپەساوو سەرلێشێواو پەیکەر ئاسا جووڵەیان نەدەکرد.

تا دەهات هەوا گەرمتر دەبوو لەگەڵیشیدا زریکەی زیکزیکەکانی پێ دەشتەکە زۆرترو بەرزتر دەبوو، بەڵام چی تر کوندە پەپۆکە نەیدەخوێند. چاڵەکە پر بووەوە لەئاوو لەوێشەوە سەرلەنوێ بەرێرەوی دیاریکراوی خۆیدا بەرەو چەمەکەو دەشتە وشەکەکە جۆگەلەی بەستەوە.

سەرەنجام لەبەدوا داچوونی زۆری خەڵك بۆ کانیەکە. گەیشتنە سەرچاوەکەی، دەرکەوت ئەوە ئاو نییە هەڵدەقوڵێ. بەڵکو فرمێسکی سوێری کە لەسەرێکی وركاویو گرینۆکە. کە بەهیچ ژێر نابێتەوەو فرمێسکی وشك ناکات .. بەڵام خۆ تا ئێرە نیوەی حەقیقەتەکەیە. پاشان پرسیار گەلی تر سەریانهەڵدا. ئەم کەلەسەرە بۆ دەگری؟! کەلەسەری چ کەسێکە؟! کەیو بەچی مردووە؟ ئەی بۆ وەك هەر مردوویەکی ئەم دنیایەو لەگۆرەکەیدا بێدەنگ نانوێت؟!

باشە ناکرێ لەبری فرمێسك هەڵرشتن وەقسە بێتو پێمان بڵێ چی گەرەکە؟! ئاخر ئەم هەموو



فرمێسکە لەپای چیو دەیەوێت چیرۆکی چ نهێنیو حەقیقەتێك بەگوێی ئەم ژیانەدا بدات.؟؟

گەرچی وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلای کەس نەبوو، بەڵام بووە هەوێنی دەیانو سەدان چیرۆكو رێپۆرتاژ لێکۆڵینەوەی هەمو جۆرو هەرکەسەو بەلایەکدا رایدەکێشا.

ئەمەی کە لەبەردەستی تۆشدایەو دەیخوێنێتەوە، دەسنووسی یەکێك لەو چیرۆکانەیە کە لەبارەی حەقیقەتی (سوێرە کانیلەوە) نووسراوە. پاڵپشت بەکارەساتو مێژووی تاڵی گەرمیان، دەکرێ بڵێن ئەم چیرۆکە تارادەیەکی زۆر حەقیقەتی کەلەسەرەکەی لەخۆ گرتووە.

چیرۆکەکە بەم شێوەیەو بەژمارە دەست پێدەکات .. یەك .. دوو .. سێ .. چوار .. پێنج..

***

شەش .. حەوت .. هەشت .. نۆ .. دە..

هەردوو دەستە بۆر هەڵگەراوە قڵیشاوەکانی بەدوو ئاراستەی جیاوازو لەسەرخۆ لەسەرچاوە کزوتەرەکانی لاداو چاوەکانی هەڵگلۆفت..بیلبیلەکانی بەشێوەیەکی نا ئارام دەهاتنو دەچوون .. دوور رووانی .. پاشان بەلای راستداو دوواتر بەلای چەپی خۆیدا .. هیچی بەدی نەکرد .. ساڵانێکی زۆرە ئەم رێو رەسمە هەمیشە دووبارەو سێ بارە دەبێتەوەو بۆتە شێوە نوێژێکی

تایبەت بەخۆی .. نوێژێکی سەیرو نامۆ، پڕ لەزووخاو گریان.

کە لەشێوەی سێڵاوێکی قوڕو لیتەداو لەناخەوە هەورژمی بۆ دێنیو لەچاوەکانیەوە وەك دوو جۆگەلەی نێو کێڵگەیەك بەهەردوو رووومەتە چرچەکانیدا دێنە خوارێ.

-چ چارەنووسێکی قورسە. پێ دەچێ تا هەبم، فرمێسك ببێ .. خودا ئەم یاریە کەی کۆتای دێت.

هێندەی فراوانی رووحی ماندوی نێو جەستەی لەڕوو لاوازی چکۆلانەی، کە ئەگەر بێتو دەرباز بێت هەموو گێتی تواناى لەخۆ گرتنی نییە. لەخەیاڵ فراوانترو تیژترە. هێندەی ئەو رووحە دەریایەك لەفرمێسکی سوێر لەو دیو رووکاری چاوە بەقوڵاچوەکانیدا هاروهاجانە شەپۆل دەداو دەرژێ .. بەروومەتەکانیدا دەخزێنە خوارێ.

-بۆ مەحکومت کردم بەم یاریە بێکۆتاییە. گەمەی وا درێژ کێ تەحەمولی دەکات. نەئەبوو بەم شێوەیە خۆتم لێ بشاریتەوە .. تەماشای دەستەکانم کە. ئەمە کەی لەو دەستانەی سەرەتای یارێکەمان دەچێت.

ئەو کات دوو دەستی چکۆلانەی سپیو خرپن بوو .. تەماشا چۆن بوونەتە دوو کۆتەرە داری رەش هەڵگەڕاو.



کۆشی پڕپڕ دەبێ لەفرمێسك .. لەگەڵ رژانی هەر دڵۆپە گەشێکی تردا، دڵۆپێك لەکۆشێوە دەڕژێتە بەر پێیەکانی.

-گەر دەمزانی وا بزر دەبی، قەتم ئەو یارییە نەدەکرد. تۆ لەگەڵ خۆتدا ژیانو ماڵیو لاوی منیشت بزر کرد. بوومە ئافرەتێك بێ چارەنووسو پشتو پەنا .. ئاخر هەموو یارییەك یاسای تایبەتی خۆی هەیە. تۆ هەموویت تێکشکاندو منت لەبیر کرد .. دەبا تۆ سەر لەئێوارەو لەپشت دەرگای حەوشەکەوە دەرکەوتایتەوە .. مەگەر لەبیرت چوو هەموو کەرەتێك بەیانان خۆت دەشاردەوەو منیش هەمیشەو سەر لەئێواران دەمدۆزیتەوەو (گر)*م دەکردی چاو شارکێ کە قەت لەرۆژێکی زیاتر نەدەخایان .. یاسای هەمیشە سادەی یارێکە هەر ئەمە بوو.

لافاوی فرمێسك نەدەوەستاو کۆشی پڕ فرمێسکیشی وردە وردە دەڕژایە سەر زەوی بەر پێیو زەویش دەبووە قوڕ، قوڕێکی سەختو توند.

-چاوەکانم، ئەو چاوە گەشانەی هەمیشە دەتگوت هێندە قووڵو گەشن خۆمیان تێدا دەبینمەوە .. پروانە چۆن بوونەتە کانگای فرمێسکی سوێری جاویدانی .. ئەها .. پروانە بەئاستەم تروسکاییان تیدا ماوە.

یەکەمجار نییە کە بەگریانو فیزاحەوە ئەم قسانە لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوەو یەخەی کراسە هەمیشە رەشەکەی بەری دادەدڕێ.

ساڵانێکی زۆر زۆرە، ئەمە حاڵێتی .. چاوەکانی وشکاییان بەخۆیانەوە نەبینی وەو وەك گەڵای پڕ شەونمی بەهار دایمەو دەر تەڕ تەڕن.

لەوەتەی فامی کرۆتەوەو کەوتۆتە نێو ئەم گەمە سەختەوە کە پێ ناچێ هەتا دووا هەناسەی ژیانی کۆتایی پێ بێت گەمەیەك کوتو مت لەگەمەکەی سیزیف دەچێت. لەویش سەختر .. زۆر سەختر..

-بەسە .. چی تر لەتوانامدا نییە .. بەرگەی ئەم چاوەروانییە بەعەزابە ناگرم . لەوە زیاتر خۆتم لێ مەشارەوە. لەشوێنێکە جا ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت خۆتم بۆ دەرخە .. بەسە باکۆتایی بەچاو شارکێکەمان بهێنین .. وای دانێ کە تۆ یارێکەت برۆدتەوەو من دۆراندم .. بەهەموو شتێك رازیم تەنها تۆ بگەڕێ رەوەو هیچی تر.

هێندە سامناکانە دەگریا، قولپی گریان لێ نەدەگەڕا بەباشی دان بەوشەکاندا بنێو زیاتر لەبڵمە بڵم دەچوو. تەوژمی فرمێسکی سوێریش بینایی لێڵ دەکردوو دنیای روناکی لێ دەکرد تاریکی .. هەتا زیاتر هاواری باوکی بکردایە فرمێسکی زیاترو زیاتر فوارەی دەبەست. دواجار لەبری فرمێسکی روون، فرمێسکی سوور دابارییە سەر قوراوەکەی بەرپێی دەنگی نووساو لووشکە لووشکی گریان لەپەلو پۆی خست. شەکەتو ماندوو دەستەکانی وەردایە نێو قورەکەی بەرپێیو کەوتە هەڵشێلانی .. هێندەی توانا مابوو قوری فرمێسکاوی شێلاو پاشان، تۆپەڵ تۆپەڵکردنی



خشت. نزیکەی پانزە بیست خشتێکی بۆ دروستکرا. کە یەك دوانێکیان مەیلەو سوور دەیانڕوانی.

ئێستا ئیتر جگە لەچاوشارکێ، مەبەستێکی تریش بەکوێرەوەریەکانی ژیانەوە گرێی دەدات. سەر لەنوی دروستکردنەوەی ئەو خانوویەی کە یەکەم جار چاوی تێدا هەڵهێناو سەرەتای یاریەکەی تێدا دەستپێکرد.

رۆژانە ئەمە کاریەتی .. سبەینان زوو بەر لەئاگابوونەوەو گۆرانێکانی کڵاو کورەکانی ئەو پێ دەشتانەی گەرمیان ئەم چاوەکانی بەنێو لەپی دەشارێتەوەو هەتا "دە" دەژمێرێو بەدوایشیدا بەلێزمە بارانی گەرم ئەو خشتانە دەخولقێنێ کە بەنیازە تەواوی خانۆکەی ماڵە باوکی پێ دروستکاتەوە.

-دەبێ وابێت .. تا ماڵەکەمان وەك جاری جارانی لێ نەیەتەوە .. پێ ناچی باوکم بگەڕێتەوە .. ئەمەی بەلەرەیەکی خنکاوەوە گوت. بەڵام خۆ سەر لەنوێ خولقانەوەی ئەو ماڵۆچکەیەی ئەمی لەمنداڵیدا تیا ژیاوە هەروا کارێکی سووكو سانا نییە.

یاردەوەری ئەو هەموو نەخشەیە. لەکوێ بدۆزێتەوە، ئەمێك لەئێستادا بۆتە قەیرە کچێك کە هەر هێندەی مشکە کوێرەیەکی لێماوەتەوە. دوو دەستی قڵیشاو لەرزۆكو دڵێکی بێ حەوسەڵەو دووچاوی هەمیشە تەڕو کز..

خانووش هێزو گروتینی بازووی دەوێ .. ئەمەی ژێر باری قورسی خەمو تەنهایی، ژێر باری رەقی یاریەکی بێ کۆتایی چۆن چۆنی خانوو دروستبکاتەوە..

-خودایە هەر هێندم لێت گەرەکە. گرو هێزی تەواوکردنی ئەم کارەم دەیتێ..

لەگەڵ داڵغەی دروستکردنەوەی خانۆکەدا. پەرداخێ چای تێکردوو بەرەو نێو ئەو چوار دیوارەو رێکەوت. کە بەئەندازەی باڵایەك هەڵیچنیبوو. ئەمە رێك لەجێگەی چوار دیواری دیوەخانەکەدا وەسەر یەکێ وەی نابوو. شوێنی دیوەخانەکەی باشر پێ دەزانی .. هەر بۆیە لەسەرەتاوە لەوێ وە دەستی پێکردبوو. تاكو تەرای خشتی نێو دیوارەکە سوور بوو. ئەوەش ئەو خشتانە بوو کە بەفرمێسکی خوێنینت دروستکرابوو.

لەگەڵ هەر قوومە چایەك بارتەقای قوومەکەی نێو گەرووی فرمێسکی سوێر دەڕژایە نێو پەرداخەکەی دەستییەوە.

هەمیشە وابوو، هیچ کات لەبەر فرمێسك هەستی بەتامی شیرینی چاکانی نەکردووە. هەر هێندەی لەلێوەکانی نزیکدەکاتەوە پڕ دەبێ لەفرمێسکی رژاو.

لەسووچی سەرەوەی نێو پانتای دیوەخانەکەدا راکشاو کشو مات، چاوەکانی لێك نا، فرمێسك بەهەردوولا چاویدا رژایە سەر زەوێکە . لەناخەوە



یادەوەری رابردووی پڕ بەختەوەری وەك پارچە شووشەی بەر خۆرەتاوی هاوین بریسکەی دەداو نغرۆی خەونو داڵغەی دەکرد.

-هەموو شەوێك لەم جێگایەداو بەتەنیش باوکمەوە رادەکشام، بازووی دەکردە سەرینی ژێر سەرمو نیگامان ئاوێتەی یەکتر دەکرد وو بەختەوەری لەنێوان چاوانی هەردووکماندا دیلانێی دەکرد، دەستەکەی تریشی لەنێو پرچەکەمدا یاریدەکردو چیرۆکی بۆ دەگێرامەوە. پێموابێت لەدواین شەوی پێکەوە بوونمان بوو حیکایەتی ئەو پیاوەی بۆ گێرامەوە، کە بەرەو شاری جنۆکەکان کەوتەڕێ بەمەبەستی گەڕانەوەی دڵی دزراوی کچۆڵەکەی، داخم ناچێ بەر لەوەی چیرۆکەکە کۆتای پێ بێت من خەوم لێکەوت، ئێستاش یەکێك لەحەسەرەتەکانم بیستنی ئەو دووای چیرۆکەکەیە. نازانم .. ئاخۆ ئەو پیاوە نەگبەتە دڵی دزراوی کچۆڵەکەی هێنایەوە یان نەئـ .. باوکە خۆزگە بۆ چەند ساتێك دەگەڕایتەوەو ئەو دووای چیرۆکەکەت بۆ دەگێرامەوەو هیچی تر..

لەگەڵ ئەو خەونە خۆشانەدا ئارامی بەجەستەیدا دەگەڕاو بزە دەکەوتە سەرلێوانی وەك باڵندەیەکی بەرزە فڕ بەنێو ئەو یادەوەریانەدا دەفڕیو تێدەپەڕی . تا لەپڕ لەنێو هەورە سپێکاندا ماندوویەتی باڵی خەیاڵی سستو لاواز کردوو خەو بەئاسانی زەفەری پێ بردوو بەرو دنیایەکی تر راپێچی کرد.

سپێدەکە بەئاگا هاتەوە بینی وا باوکی لەخۆ ئامادەکردندایە تا بەرەو کێڵگەکەی وەڕێ کەوێ بە پرتاو لەجێگەکەی دەرپەڕیو خۆی هەڵدایە کۆشی باوکییەوە.

-باوکە.. ئەی یاریەکەمان نەکەین.

-بەسەرچاو کچە چکۆلانە نازدارەکەم.. دەی بادەستپێبکەین .. ئامادە بە..

روویکردە دیوارەکەو بەنێو لەپی هەردوو چاوی خۆی شاردەوەو کەوتە ژماردن .. یەك .. دوو .. سێ .. هەشت .. نۆ .. دە .. رووی وەرگێڕاو هاواری کرد.

-کچۆلەخۆت مەڵاس دە واهاتم..

بەنێو حەوشەو ژوورەکاندا کەوتە گەڕان. هەموو سپێدەیەك ئەم یارییە پاش نوێژی بەیانی یەکەم کاریبوو. لەگەڵ هاتو چۆنو گەڕانی نێو ژوورەکاندا جار ناجارێك بەبزەیەکەوە دەیگوت.

-ئەرێ بۆ خاتری خوا ئەم کچە عەیارەی من لەکویدا خۆی شاردۆتەوە .. خۆ هەر ئەڵێی جنۆکەیە. نادۆزرێتەوە؟

پاش تاوێك گەڕان ئیتر یا لەمووبەقەکەداو لەپاڵ کەنۆکەدا یان لەنێو کادانەکەدا، کچۆڵەی دەدۆزییەوەو هاوری لێدەکرد.

-گڕ .. گڕ .. گڕم دای .. دۆزیتمەوە.

بەو سەبای سوبحانە قاقای پێکەنینی باوكو کچە ئاوێتەی دەنگی زەنگۆڵی ملی مەڕەکانو



دەنگی مەشکە ژەنینی کەیبانوی ماڵ دەبووو پاشان، توند باوەشیان بەیەکدا دەکردو کچە هاواری دەکرد

-ئنجا نۆرەی منە .. دەی بابەبچۆ خۆت بشارەوە.

بەهەمان شێوەو شوێنی باوکی. کچۆڵەش چاوەکانی شاردەوەو رووی کردە دیوارەکەو کەوتە ژماردەن. یەك .. دوو .. بەئەسپای دەستی دایە کەشکۆڵەکەی .. سێ .. چوار .. وردە وردە بەرەو دەرگای حەوشەکە وەڕێ کەوت .. پێنج .. شەش .. حەوت .. بەدوای خۆیداو بەئەسپای دەرگاکەی داخستو بەرو کێڵگەکەی رۆیشت .. هەشت نۆ .. دە .. واهاتم ئاوڕێ دایەوەو تەتەر ئاسا بەژوورەکاندا کەوتە گەڕان .. لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور لەوێشەوە بۆ ژوورێکی تر. کە ماندوو بێئاکام بوو .. چوە تەنیشت دایکیەوەو کە هێمنو لەسەرخۆ مەشکەی دەژەن.

=-دایە ئەم باوکەی من لەکوێ خۆی شاردۆتەوەوە.

-کچەکەم لەوە زیاتر خۆت ماندومەکە .. تا خۆر ئاوا بوون. نایدۆزیتەوە.

تا دەهات هەوا قورستر دەبوو، بایەکی گەرم وشك برینە زۆرەکانی دەشتو دەری دەکولانەوەو ژیانی بێ مانا تر دەکرد، گەرمیان لە (جدول الچرب)ی ژیاندا کەرەتی هەرچی بکەی هەر دەکاتە دۆزەخ، هەموو شتێك پشتی لێهەڵماڵیوەو فریوی

دەدات. پڕە لەو مرۆڤانەی لەبری خوێنی سور زووخاوی رەش بەجەستەیاندا دەگەڕی، پڕە لەو گوندانەی هەر وەك قەقنەس سەدان کەرەت لەپاشماوەی سووتاوی خۆیان خوڵقاونەتەوە.

پاش سەرخەوی پرلەیادەوەری منداڵی هەروا بەراکشاوی کەوتە تێرامانی ئاسمانو لەبەر خۆیەوە کەوتە ورتە ورت..

-پێدەچێ هەموو گەردوون لەیاری چاوشارکێدا بێت ئەگینا ئەو هەموو ئەستێرە بەبریقانەی شەو کوان چیان لێ‌اَت .. مەگەر خۆیان لەزەوی نەشارۆدتەوە.

هەستاو هاتە دەرێ، وەلێ قەهری لێدەباری‌و چاوانیشی فرمێسك، کە بای گەرم بەر سیمای دەکەوت هەستی بەکزانەوەی روومەتە تەڕەکانی دەکرد. بەتەواوی شوێن هەواری ماڵە خاپورەکەدا ورد ورد رووانی. دەیویست یەکەم جار بەخەیاڵ شێوەو نەخشەی تێکڕای ماڵەکە وەبیر خۆی بێنێتەوە. بەهەر چوار دەوری خۆیدا رووانی. هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی بەئاسانی پەی بەوردەکاری‌و جێگاو رێگای ژوورەکان لەسەر شوێن هەوارەکەو لەنێو مێشکیدا یەکانگیر بکاتەوە .. تەواوی شوێنەکە دووای ئەو هەموو ساڵانە یەك پارچە بۆتە تەپۆڵکەو دارو پەردووی تێکەڵو پێکەڵ کە لەهەموو لایەکەوە گوڵە بەیبوونو خەرتەنەو گژوگیای وشك هەڵاتوو دایانپۆشیوە.



دووای قەدەریکی زۆر لەبیرکردنەوەو هێنانو بردن. تۆزە تۆزە نەخشەکەی وەبیر دەهاتەوە .. تا دواجار تەواوی پارچەکانی خانوەکەی وەك پارچەکانی میکانۆیەك لەنێو مێشکە جەنجاڵەکەیدا پێکەوە لکان.

-ئالێرەوە لەدیواری پێشەوەی دیوەخانەکەوە تا ئەو بەرزاییە کە بەگوڵە بەیبوونی زەردو سپی داپۆشراوە. دەکاتە سەکۆی حەوشەکە. بەلای دەستە راستی دیوەخانەکەشدا ژوورە تایەبەتیکەی دایکم بوو. بەتەنیشتی ئەو ژوورەشەوە بەرەو خوارتر. رێك ئاڵیرەدا موبەقەکەمان بو، کە نوووییەکی پڕ لەئاردوو مەقاڵەیەکی لەقوڕ دروستکراوو هەندێ قاپو قاجاغی تێدا بوو. لەخوارەوەی حەوشەکەشەوە ریزە خانۆچکەیەك پاڵیان بەیەکدا دابوو. لەم سەرەوە ژوورێکی پڕ لەگەنم یوو، بەتەنیشتیەوە کادانەکە بوو، کە من زۆر جار ئالەو کادانەدا خۆم لەباوکم دەشاردەوە..

هەر بەریزی ئەوانیشەوە گەوەڕی وڵاخەکانو ژووری کارو بەرخەکان بوو .. ئالێرەشەوە لەنێوان دیوەخانەکەو ژوورەکەی دایکمدا رارەوێکی بچووك هەبوو ئەو سەری بەدەرگای لەتەنەکە دروستکراوی حەوشەکەمان کۆتایی پێ دەهات .. لەگەڵ ئەو قسانەیداو بێ ویستی خۆی وەك یاریەکی قورمیش کراو بەنێو پانتایەکدا دەهاتو دەچوو.

لێرە ئەوە بوو هۆ لەوێ ئاو هابوو .. لەناوەراستی حەوشەکەشدا کۆڵەوانێکی

لەقامیش دروستکراو هەبوو .. هەمیشە کوپەڵەیەك ئاوی ساردوو مەشکەیەك دۆو جاغێك تۆراغی بەسەرەوە بوو .. ژێرەوەی کۆڵەوانەکە هێندە فێنك بوو. سەگە بۆرەکەمان کردبوویە ماڵی تایبەتی خۆیو دایمەو دەرەم لەژێریدا راکشابوو..

کاتێ چاوەکانی کەوتنە سەر جێگایەکی تر سیمای گرژبوو، دیسانەوە فرمێسکی گەشو سوێر بەهەردوولا روومەتەکانیدا جۆگەلەیان بەست، بەڵام ئەم جارەیان بۆ دایکی.

-ئێرە جێگای سێپاکەی دایکم بوو. سبەینان بەر لەبێدار بوونەوەی منو باوکم، ئەو خەریکی مەشکە ژەنینی خۆی بوو. تۆ لەئاوی کانی روونترو بێدەنگ تر بووی دایکە .. سەرباری ئەو هەموو کاروبارە تاقەت پروکێنانە تۆ هەر پێدەکەنیت. .. بەڵام کەسێ پاکەیان شکاندیو هەموو دۆکەتیان رژاند. ئیدی وەك دەریا سەر لەبەری هێمنیت شێواو فێرەگریانو ورکێکی شێتانە بوویت..

وای دایکە .. چۆن بوویتە قوربانی ژیانی دۆزەخاوی نێو ئۆردوگا .. ئەو ژیانەی رۆژ دوای رۆژ دەمبینی وەك مۆم جوانیەکانتی دەتوانەوە. هەتا دەمرم ئەو رۆژەم لەیاد ناچێ کە بەگریانو شیوەنی شێتانەوە خۆت بەماڵدا کردوو، هەتا توانیت تفێکت کردە نێو کیلۆ ئاردەکەی دەستو بەقژ رنینەوە فیزاحت کرد.

-ئارد حەیاو نامووسی پێ نەهێشتم. شەرمو شکۆی دزیم .. ئا خ خ خ خ .. دایکە گیان .. خۆزگە



ئەم یارییە لێدەگەڕاو منیش وەك تۆ دەمتوانی بەدەنکە شقارتەیەك کۆتایم بەم ژیانە بێ شەرەفە بهێنایە.

وڕو گێژ بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە .. وای هەست دەکرد کچۆڵە چکۆلانە دەم بەپێکەنینەکەی جارانەو بەدووای باوکیدا دەگەڕێ. لەساتێکدا ئەو نەخشەو خانووبەرەی نێوخەیاڵی لێ بزر بووو پاشان لەشێوەی حەقیقەتدا دۆزیەوە.

هەمووی چەند ساتێکی کەمەو باوکی دەرگای حەوشەکە دەکاتەوە، بەپرتاو خۆی گەیاندە پشت دەرگاکەو خۆی لەبۆسەناو بەوریایەوە کەوتە چاوەڕوانی.

دەرگای حەوشە لێکترازو کورە لاوێکی باڵا رێکی تۆکمەدەرکەوت، کەشکۆڵێکی بەبن هەنگڵەوە بووو بەدەستی راستیشی باوشی گیای هەڵگرتبوو. سەراپا بۆنی رێحانەو شەمامەی بێستانی لێدەهات، پێی خستە ئەم دیوی دەرگاکەوەو بەر لەوەی فریای سووکە هەناسەیەکیش کەوێت کچۆڵەکەی پەلاماریداو توند باوەشی بەقاچەکانیدا کردوو بەگڕوتینێکی سەیرەوە هاواری لێکرد

-گڕ .. گڕ .. گڕ .. باوکە گڕم دای .. دۆزیتمەوە ..بۆ هەرکوێ بچیت هەر دەتدۆزمەوە.

گیاکەی فڕێدایە سەر زەوی کەو بەهەردوو دەست بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان .. لەنێو رەشێتی ریشو سمێڵیدا دوو ریز دانی سپی دەرکەوتن ..

پاشان کەوتە ماچ بارانی کچۆڵەکەی‌و ئەویش توند توند هەردوو دەستی لەشان‌و ملی باوکی ئاڵاندو پێدەکەنی.

-باوکە من یاریکەم بردەوەو تۆ دۆڕاندت. من بردمەوەو تۆ دۆڕاندت .. بەڕاستی باوکە گیان تۆ ئەو هەموو ماوەیە لەکوێدا خۆت شاردبۆوە. خۆ من شوێن نەما بەدواتدا نەگەڕێم‌و پرسیارت نەکەم. ئەرز قووتی دابووی یان ئەژدیهای حەوت سەری نێو چیرۆکەکانت فڕاندبووتی .. باوکە چۆن دڵت هات ئەو هەموو ماوە دوورو درێژە خۆتم لێ بشاریتەوە. ئاخر نەتەزانی کەمن بێ تۆ ناتوانم بژێم .. من رقم لێتە باوکە .. قەت .. قەت لێت خۆشنابم .. لێت زویرم .. پروا ناکەم .. هیچ باوکێك هەبێت لەتۆ دڵ رەقترو بێ بەزەیی تر بێت..

خۆی نووسانبوو بەباوکیداو وڕکاوی‌و گرینۆك فرمێسکی سوێرو گەرمی بەسەردا دەباران. جار جارەش لە حەژمەتاندا بەچەپۆك‌و مشت دەیکێشا بەنێو شان‌و شەپیلکی باوکیداو بەسەریدا دەپقیژاند، بەڵام بێ ئەوەی باوکی تەنانەت یەك جولەی بچووکیش بکات.

کچۆڵە هەستی بەلینجی‌و گەرمی سەرشانی باوکی کرد، دواتر لەگەڵ هەر چەپۆکێکدا هەستیدەکرد دەستی رۆدەچێتە نێو جەستەی باوکی‌و شوێن دەستی چاڵ دەبێت. بەئەندازەیەك مەچەکەکانی روو چوونە نێو گۆشت‌و ئێسك‌و



خوێنی جەستەی باوکێەوەو لەنێو باوەشیدا دەتوایەوە.

هاروهاجانە دەگریاو پەلو پۆی رادەوەشاندو وەك جانەوەرێکی پڕ ترس‌و قین بەهەموو لایەکدا دەست‌و پێی رادەوەشاندو هاواری دەکرد.

-نەئـ .. من دۆڕاندم .. من دۆڕاندم .. باوکە .. من دۆڕاوترین بوونەوەری ئەم سەرزەمینم .. هەتا ماوم دەبێ فرمێسك پڕێژم .. فرمێسکی خوێنین ئەمە ئازارێکە لەتۆی باوکەوە بۆمن دەبارێ .. منی کلۆڵ‌و بەدبەخت .. منی گیرۆدەی چاوشارکێیەك کە هەموو کەسێك پیایدا تێدەپەڕێت‌و بۆی دەبێتە یادەوەری بەلەزەتی منداڵی، کەچی من وا پیر پیر بەپرچی سپییەوە بەرۆکم بەرنادا، تاق‌و تەنیا جگە لەخۆم کەسی تر هاوەڵی ئەم یاریە نەعلەتیەم نییە.

مردم هێندە چاوەکانم بشارمەوەو تا "دە" بژمێرم. کەچی تۆ هەر خۆت بەدەستەوە نادەیت‌و دەرناکەویت .. ئەی بێ بەزەیی ترین باوکی دنیا .. دەوەرە .. دەرکەوە .. نابینی وەك شێتم لێهاتووەو بوومەتە وێڵ‌و سەرگەردانی ئەم دەشت‌و دەرە چۆڵ‌و هۆڵە .. سوێندم بەخوا قەت لێت خۆشنەبم. کە نەفت‌و کۆڵەدار، مت بوو، بەئاستەم هەناسەی بۆ ئەدرا.

پاش قەدەرێك کەمێك بەئاگا هاتەوەو بینی لەبری باوکی باوەشی بەو خشتە هەڵچنراوانەدا کردووە کە بەرامبەر بەهەناسەی گەرمو فرمێسکی

سوێری چاوەکانی خۆیان پێ ڕانەگیراو دیسانەوە بوونەتەوە بەقوڕ سینگو دەمرو چاوو قژی ئاڵۆسکاوی بەقوڕ سواغ درابوو. پتر لەدێوو درنج دەچوو وەك لەمرۆڤ.

قەیرە ژنیکی پەککەوتەو لاواز، سەرەپا غەرقی قوڕو فرمێسك، تاقو تەنیا لەژێر ڕەحمەتی قرچە قرچی گەرمای هاوینی گەرمیانداو لەنێو پانتایی خاپورکراوی گوندێکی لەمێژینەدا، دیمەنێکی سامناكو پڕ ترسو شکستبوو .. بەڵام ئەو وەك دێڵە گورگێکی تورە کە ڕاوچی پەلاماری بێچوەکانی دابێ خۆی ڕاپسکانو کەوتەوەو سەرپێ..و ڕەق ڕاوەستاو بەقێزەوە هەر لەتەوقی سەرەوە تا نووکی پێ تەماشای خۆی کرد .. دڵۆپە قوڕاوی خشت بەهەموو جەستەیدا دڵۆپ دڵۆپ دەڕژایە بەر پێیەکانی .. بزیەکی پڕ تەحەداکردن نیشتە سەر لێوەکانیو دانەویەوەو کەوتەوە هەڵشێلانی قوڕی خشتە تواوەکان .. تا سەر لەنوێ بیانکاتەوە بەو خشتانەی ماڵە بابی پێ ئاوەدان دەکاتەوە.

زەردەگری گەرمیان لەتەوقی سەری دەداو زیاتر وڕو گێژی دەکرد .. ولێ ئەو هەر سوور بوو لەسەر دروستکردنەوەی خشتەکانو بەدوو دەستی قوڕاوی لەرزۆکەوە هەر خەریکبوو..

لای ئیوارە کاتێك دنیا هەندێك فێنك تر بوو .. لەسەرخۆو بەباری قورسی خەمرو پەژارەوە بەو تەپۆڵکەیەدا سەرکەوت کە بەسەر پاشماوەی



خاپووری گوندەکەدا دەیڕوانیو بەدووی خۆیشیدا هێڵێکی تەڕو بارێکی فرمێسکی بەجێدەهێشت.

لەسەر گردەکە دانیشتو ئەژنۆی بەرەو سینگی ڕاکێشاو هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، بەدوو چاوی تەڕو قووڵەوە ڕووانییە وێرانەی گوندەکە. لەژێرلێوەوەو بەورتە ورت کەوتە قسەکردن لەگەڵ خۆیدا.

-ڕۆژانێك ئێرە پڕ پڕ بوو لەقاوقیژ .. لەژیانو ئاوەدانی، لەدرەختی باڵا بەرزی پڕ جریەوەی مەل .. لەگەڵ نیگا خەماویەکانیدا، لەقوڵایی ناخی خۆیدا بەدووی وێنەکانی منداڵیدا دەگەڕاو ئاوێتەی دەڤەرەکەی دەکردن .

-لەو بەری ئەو چەمەوە سێ ماڵ سەریانکردبوو بەیەکدا. لەم بەریشەوە ڕێك ئالەوێدا مزگەوتی ئاواییبوو. نەختێك بەرەو خوارتر حەوزەکە بوو، هەمیشە پڕ بوو لەپیاوانی گوند کە لەسێبەرەکەیدا سەرخەوی نێوەڕۆی گەرمیان دەشکاند. ئالەوێشدا دار توویەکی ئەستوری زەبەلاح هەبوو، ئەوەتا تا ئێستاش کۆتەرەیەکی ڕەش هەڵگەڕاوی لێماوەتەوە..

وای خوایە .. لەو ڕۆژانەداو هەموو ئێوارانێك ئەم تۆزە جێگایە پڕدەبوو لەدەنگی مەڕو ماڵاتو قاوقیژی شوانەکانو لەنجەو لاری کیژان .. تۆ پڕوانە مرۆڤ چ یاریەکی ناشیرین دەکات .. لەو هەموو باخو بێستانە سەوزانە .. لەو هەموو ئینسانو مەلو ئاژەڵانە، جگە لەخۆڵەمێش هیچی تر نابینرێ .. خوایە گیان .. ئاخر

کوا ئەوانت لەسەر شێوەی خۆت خوڵقاندووە .. مرۆڤ بەچی لەتۆ دەچێت خوایە .. نامرۆڤ لەشێوەی تۆ نییە مرۆڤ لەشێوەی ڤایرۆسە، رێك وەك ڤایرۆس رووبكاتە هەر ئاوەدانیەك تا وێرانی نەكاتو نەیكوژێت جێی ناهێڵێت..

مرۆڤ وەك ڤایرۆس بەسەدانو هەزاران جۆر خۆی دەگۆڕێت .. مرۆڤ ڤایرۆسە .. پەتاو نەخۆشییە .. ئەو رۆژە هەر دێت تۆش ناچار بەفرمێسكی سوێر بكەن .. دەكەواتە چاوەڕێی چیت .. وا باشتر نییە ئەو بەشە چكۆلانەی تریشی لەفرمێسكی سوێری خۆتدا غەرق بكەیتو سەر لەنوێ هەڵیشێلیتەوەو دنیایەكی باشترو مەخلوقێكی دڵنەرمتری لێ بخوڵقێنی .. دەزانم رۆژێك دێت لەو هەموو سۆزو بەزەییەت بۆ مرۆڤ پەشیمان بێتەوە..

بەر لەوەی خۆر وەك پرتەقاڵێك ئاودیوی چیاكان بێت دەستی خستەوە سەر چاوە تەڕەكانیو كەوتە ژماردن ..

-یەك .. دوو .. سێ .. هەشت .. نۆ .. دە .. هەردوو دەستە بۆر هەڵگەراو قوراو ێكانی بەدوو ئاراستەی جیاوازو لەسەرخۆ، لەسەرچاوە كزو تەرەكانی لاداو چاوەكانی هەڵگڵۆفت .. بیلبیلەكانی بەشێوەیەكی نا ئارام دەهاتنو دەچوون .. دوور روانی، پاشان بەلای راستداو دواتر بەلای چەپی خۆیدا .. هیچی بەدی نەكرد .. ساڵانێكی زۆرە ئەم رێو رەسمە هەمیشە دووبارەو سێ بارە دەبێتەوەو بۆتە شێوە نوێژێكی تایبەت بەخۆی .. نوێژێكی



سەیرو نامۆ. پڕ لەزوخاو گریان كە لەشێوەی سێڵاوێكی قورو لیتەداو لەناخەوە هوروژمی بۆ دێنیو لەچاوەكانیەوە وەك دوو جۆگەی نێو كێڵگەیەك بەهەردوو روومەتە چرچەكانیدا دێنە خوارێ .

-دیسانەوە هەر هیچ .. دەزانم تا ئەبەد نایدۆزمەوە وانە شاراوەتەوە .. بدۆزرێتەوە..

گریاو گریا .. هاوارو ناڵەی گەیشتە ئاسمان .. قەتارەی دڵۆپی پڕو دڕشتی فرمێسكی سوێر كۆتایی نەبوو. شەوی تاریك هاتو بەهەزاران هەزار ئەستێرەی گەشو روناك وەك پولەكە لەنێو قوڵایی تاریكیەكەدا دەبریسكانەوەو لەچاوی ئەمیشەوە بەهەزاران هەزار دڵۆپە ئەستێرەی جوانترو گەشتر دەبریسكانەوە.

بەدرێژایی شەوی هێمنو كپ گریاو فرمێسكی رشت تاقە هاوەڵیشی دەنگی ئەو بوومە بوو كە لەنێو كەلاوە كانەوە دەیخوێندو گۆرانی بۆ غەباوەتو نەگبەتی مرۆڤ دەچڕی لەنێوان ئەو دوو دەنگەشدا، فرمێسكی سوێر كاری خۆی دەكردو هێدی هێدی بەزەویە رەقەڵانەكەی سەر گردەكەدا رۆدەچووو دەیكردە قوڕاو .. سەرەتا قوڕاوێكی خەستو توندو تۆڵ .. بەڵام سات دوای سات نەرمترو شی تر دەبوو .. بەڕادەیەك لەنیوەشەودا توانای راگرتنی كەمترین قورسایی نەبوو .. سەرەتا هەردوو پێكانی لەسەرخۆ رۆچوونە نێو قورە لیتەكەوە .. هەندێك خۆی راپسكاند بەڵام بێهودە بوو .. تەواوی سەر

گردەکە ببۆوە قوڕاوی سەختو بەرەو ناخی خۆی پەلکێشی دەکردو سات دوای سات بەناخی قوڕاوەکەدا ڕۆدەچوو، تەزوویەکی پڕ ترسو لەزەت تەواوی جەستەی داگرت، هەستی کرد لەکۆتایی خۆیو چاو شارکێکە نزیکبۆتەوە .. هەتا هێزی تێدا بوو لەنێو تاریکیەکەدا قیژاندی.

-باوکە .. تۆم بۆ نەدۆزرایەوە .. یاریەکەت بردەوە ..و من دۆڕاندم .. نەئـ هەردووکمان دۆڕاین .. پێکەوە یاریەکەمان دۆڕان .. دەزانم ئێستە تۆیش بەدوای مندا دەگەڕێیتو دەتەوێ بمدۆزیتەوە .. هەردووکمان دۆڕاین .. هەردوکمان بزربووین .. لەئێستە بەدواوە کەس بۆت ناگەڕێت منیش بزردەبمو کەس بۆم ناگەڕێت..

وردە وردە لەقوڕاوەکە ڕۆدەچوو .. چاوە پڕ فرمێسکەکانیشی زەق زەق دەیانڕوانی .. کە تاسەر سنیگی لەقوڕاوەکەدا غەرق بوو .. هەردوو مەمکە سیسو چرچەکانی وەك ئەوەی هەستیان بەبۆنی مردن کردبێ. بەسەر قوڕەلیتەکەدا هەندێك کەوتنە خۆڕاپسکاندن وەك دوو بێچوە چۆلەکەی بێ ئەزمون لەفڕیندا کەوتنە سەماکردن بەسەر قوڕاوەکەدا، بەڵام هەمووی چەند ساتێکی کەم بوو نغرۆ بوون.

دووا شت چاوەکان .. ئەو چاوانەی وەك دوو کانیلەی سوێر قەت قەت وشکیان نەکرد لەکاتێکدا دوور دوورو لەنێو قوڵایی تاریکیەکەدا وێڵی بینینێك بوون .. نۆرەیان هاتو بەدوانیگای وێڵو فرمێسکی



سورەوە ڕۆچونە قوری سەر گرەدەکەنو کۆتایی بەهەموو شتێك هات.

لەنێو تاریکی تۆخی پێ دەشتەکانی گەرمیاندا .. هەمیشە کوندە پەپوویەك دەخوێنێت. لەبەرزای تەپۆڵکەیەکی پێ دەشتەکانی گەرمیاندا .. کانیەك تەقیوەتەوەو یەك پارچە ئەو چەمەو پێ دەشتانەی کردۆتە ئاو ..

بەڵام ئاوێکی سوێر.

*گر: وشەیەکی تایبەت بەیاری (چاوشارکێ) یە ئەوەی خۆی دەشارێتەوە لەکاتی دۆزینەوەیدا پێی دەوترێت (گر) واتا دۆزرایتەوەو لەیاریکە دەچێتە دەرەوە.

* ئەم چیرۆکە لە دەیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا خەلاتی دووەمینی بەدەستهێنا.

***

# پرسیارێکی بێ وەڵام

# پرسیارێکی بێ وەڵام

ئـەی کـەریمـی کـوڕی ئامینـە، تـۆ دەرچوویـت لەخانووی بێوەفایی دنیا، تۆ گـەیـشتی بـەخـانوونی رۆژی جەزا، تۆ دەرچوویت لەخانووی خەونو فـەنـا وا گـەیـشتی بـەخـانووی رۆژی جـەزاو، تـۆ دەرچوویـت لەخانووی خەونو فەنا وا گەیشتی بەخـانووی رۆژی بـەقـاو، تـۆ دەرچوویـت لـەخـانووی پـڕ لـەگـومڕایی‌و گـەیـشتی بـەخـانووی خۆشـبەختـی بێـدوایی، تـۆ دەرچوویـت لـەخـانووی پـڕ لـەپـەژارەو ناخۆشـیی، شادبووی بەڕەحمو بەزەیی خوای مەزن، ئەم قەبـرە یەکەم پلەیە لەژیانتـا لـەپلـەکـانی رۆژی دوایـی، دوا پلەیە لەپلەکانی ژیانی دنیای فانی.

تۆ بزانـەو خـۆت ئامـادەبکـە ئێـستا دێنـەلات دوو مەلائیکە، لەلایەن خواوە نێردراون بەزەییان بەحـاڵی تۆدا دێت‌و دڵسۆزن بەتۆ، هـیچ مـەترسـەو دڵتـەنـگ مەبە، خوا یارمەتیت بداو رێگات پیشانبدات.

ئەو دوو ملائیکەیـەی خـوا پرسـیارت لێـدەکـەن‌و دەڵێن: خوات کێیە؟

***

شـەوو رۆژی ناو ئۆردوگاکە جیاوازییەکی ئەوتـۆی نەبوو، شـەوانـی رەشـێکی قـووڵو تـۆخ، چـەشـنی ئەژدیهایەکی نووستوو بـەهـەزاران هـەزار برینـی پڕ

کێمەوە، ڕۆژانیشی خۆڵەمێشییەکی تۆزاویی جگە لەڕەنگی بلۆكو چیمەنتۆ هیچ ڕەنگێکی تر بوونی نەبوو.

تەنانەت ژیانیش هەر ڕەش، ڕەشێکی بێمانابوو، بەیەك ئاراستە دەجما، زۆرجاریش لەبری ژیان پێیدەوترا چاوەڕوانی.

خەڵکی ناو ئۆردوگاکە بەدەم کاری ڕۆژانەوە چاوێکیان هەر لەڕێگاکانەو چاوەڕێ دەکەن.. منداڵەکان لەچاوەڕوانی باوكو دایکیاندان، پیرەکان لەچاوەڕوانی منداڵەکانیاندانو ڕۆژ تا ئێوارەو لەسێبەری کاڵی ریزە بلۆکە خواروخێچە هەڵچنراوەکانداو وەك ڕیزە پەرەسێلکەی بەهارانی سەر تەنافەتێلی کارەباکان پشتیان بەدیوارەکانەوە دەداو بەدەم کێشانی جگەرەو چاوەڕوانییەوە، یەك لەدوای یەك خەونە خۆشەکانی خۆیان بۆ یەك دەگێڕایەوە، ئەو خەوانەی کە هەموو دەچوونەوەسەر یەك چاووگو هەزاران جار بۆیەکیان گێڕابووەوە ،لەهەمووشیدا گەڕانەوە دەستپێدەکات وچاوەڕوانی کۆتایی دێت.

هەندێك لەخەڵك شەورۆژ سەریان بەسەر رادیۆکانی دەستیانەوە شۆڕکردبووەوەو چاوەڕوانی لێبووردنی گشتیی کودەتای سەربازیی بوون.

هەندێکیتر شەوانی درێژیان بەسەر تەنوربانو سەربانە نزمەکانەوە دەبردەسەرو چاویان دەبڕییە ئاسمانو چاوەڕوان بوون ئەو دوو ئەستێرە گەشەی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئۆردوگاکە بەیەك بگەنو



لێکبئاڵێن، بەپێی خەونو خەیاڵی قووڵی ناو یادەوەرییان، ئەو دوو ئەستێرە گەشە لەیلو مەجنوونن، لەچەند ساتێکی کەمی نیوەشەوداو ساڵی یەکجار پێکدەگەنو بەدەوری یەکتردا دەخولێنەوە، هەر مرۆڤێك ئەو لێکئاڵانە ببینێت، هەر هیواو ئاواتێکی هەبێت بۆی دێتەدی.

ئەوان چاوەڕوانن ئەو دوو عاشقە بەیەك بگەنو لەبری داواکردنی تەنووری پڕ ئاڵتوونو تەمەنی نوح، داوای گەڕانەوەی ئەنفالەکانی لێبکەن، دەڵێن جارێکیان قەیرەکچێك شەو لەخەویدا لێکئاڵانی ئەو دوو ئەستێرەیەی بینیوەو خێرا هاواری کردووە:

-لەیلا وا تۆ بەمەجنووی خۆشەویستی خۆت گەیشتی، دەی بامنیش بەدەستگیرانەکەم بگەمرو سبەی بیگەڕێنەوە لام..

دەڵێن بۆ سبەیو لەخەوی پاشنیوەڕۆدا لەدووەم خەویدا لەگەڵ ئێسکەپەیکەرێکدا زەماوەندی کردووە.

دەڵێن قەیرەکچەکە وتوویەتی لەناو خەوەکەمدا زاوا هێندە بەکەیف بووە، لەبری فرمێسکی خۆشی، لم لەچاوەکانییەوە هاتووەتە دەرێ.

هەندێکی تر لەخەڵکی ناو ئۆردەگا زۆرەملێیەکە، دەچوونەسەر شەخسەکانو سێ بەردی خڕیان دەخستەسەر یەكو لەگەڵ خولانەوەیدا پەنجە بچووکیان دەخستەسەرو مەرازیان بۆ گەڕانەوەی ئازیزەکانیان دەگرتەوە، هەندێکجارو لەناو قاوقیژو

راکەڕاکەی ژنانو کچانی دوای تەنکەرە ئاوی ناو کۆڵانێکی ئۆردوگاکەدا، کچێك پڕ بەگەرووی هاواری دەکرد:

-با باوكو کاکەم بگەڕێنەوە، دەبێت لەحەوشەکەماندا بیرەئاوێك لێبدەین.

منداڵێك هەمیشە کتێبە (ئەلفبێ) نوێکەی خۆی دەکردەوەو بەدایکی دەوت:

-ئەگەر باوکم بگەڕێتەوە، چیرۆکی بزنە ئازاکەو مام گورگی بۆ دەخوێنمەوە.

ژیان هێدی هێدیو بەباری قورسی چاوەڕوانییەوە بەردەوام بوو، مرۆڤ هەبوو لەنێو ژوورە تاریكو شێدارەکاندا بەدوانیگای وێڵەوە دەمرد، هەبوو بەسەر شەقامو ناو کۆڵانەکاندا جەڵدە لێی دەداو دەمودەست دەمرد، هەبوو لەبرساو هەبوو لەخەمو مەراقدا دەمرد..

دارتاشەکان هەتا بێشکەو کورسییەکیان دروستدەکرد، سەد دانەو زیاتر تابووتیان دەفرۆشت.

لەیەکێك لەڕۆژە خەماوییەکانی ئۆردوگاکەدا، درۆی عافوات بەخێرایی بڵاوبووەوە، دوابەدوای درۆکە هەردوو بەری شەقامەکە جمەی دەهات لەخەڵك، وەك مێرولە ڕێچکەیان بەستو کەوتنەڕێ بۆ پێشوازیی، لەهەمووان پەرۆشتر سۆفی کەریمی پیرە پیاوی ریش چەرمو بوو، بەگۆچانێکەوە خێراخێرا هەنگاوی دەنا، دڵی پڕ پڕ بوو لەهیواو



خۆشی، هیوای پێکگەیشتنی کورو کچو پیرێژنەکەی.

ئەو ڕۆژە جێی بەخۆی نەدەگرتو بەناو حەشاماتەکەدا دەهاتو دەچوو، گوێی بۆ هەواڵو قسەوباسی خەڵکەکە رادەگرتو بەردەوامیش چاوی رووەو باشوور لەسەر ڕێگاکە بوو.

دەمەو مەغریب، حەشاماتەکە دڵ شکستو نائومێد بڵاوەیان لێکردوو گەڕانەوە ماڵە ساردەکانی خۆیان، هەر بەتەنها سۆفی کەریم نەبێت بەسەر بەردێکەوەو رووەو قووڵایی شەقامەکە دەستەونەزەر دانیشتبوو ماندوو برسی، سیگاری بەسیگار پێدەکردو لەژێر لێوەوە دەیگوت:

-بەپێی خەوەکانم بێت لەتاریکی شەودا دەگەڕێنەوە..

ئیدی لەو شەوە زەنگەداو تاكو تەنیا تا دەمەو بەیان لەجێگەی خۆی نەبزواو سەرماش هەڵیدەلەرزاند.

ڕۆژێکی نوێ هاتو کەس دەرنەکەوت، لەڕۆژی دووەمی چاوەڕوانیکردنیدا خەڵكو خوای خێرەومەند زۆریان لەگەڵ وت تا چاوەڕوانییەکەی بشکێنێتو بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵەکەی خۆی، بەڵام ئەو ملی نەدەداو بەتوڕەییەوە پێی دەوتن:

-بەتەنها پڕۆمەوە ناو ماڵی چۆڵو بێکەس چی بکەم، ئێرە بۆمن باشترە، هەر هیچ نەبێ سەبووریم

بەو شنەبایە دێت کە لەباشوورەوە بۆنو بەرامەی ئەوانم بۆ دەهێنێت.

دوو شەووڕۆژ بەو حاڵەوە ئامادەنەبوو سەرەڕێگاکە جێبهێڵێت، تا لەبەرەبەیانی ڕۆژی سێیەمدا ڕێبوارەکان کەوتن بەسەر تەرمە وشكو ڕەقهەڵاتووەکەیدا.

مردو خەونو هیوای گەڕانەوەی کورو کچو ژنەکەی نەهاتەدی.

بەزمانێکی شیرینو ئاسان بەوتارێکی مەلیحو زۆر جوان بڵێ (الله) خوامە.

دەپرسن پێغەمبەرت کێیە؟ بڵێ (محمد) درودی خوای لێبێت پێغەمبەرمە.

هەروەها پرسیارت لێدەکەن لەدینت لەئیمانت؟ بڵێ (ئیسلام) دینمەو (قورئان) ئیمانمە.

پرسیارت لێدەکەن لەبرات لەخوشکەکانت؟ بڵێ پیاوانی موسڵمان برامن ئافرەتانی موسڵمان خوشکمن.

هەروەها پرسیار لەقیبلەت دەکەن؟ بڵێ کەعبە قیبلەمە، شەهادەت بدە، بەڕاستی مردن حەقە، قەبر حەقە، زیندووبوونەوە حەقە، بەهەشت حەقەو، ئێستا هەیە، جەهەنەم حەقەو ئێستا هەیە.

هەر بەدوای تەلقینەکەدا، مەلا ڕووی کردە خەڵکەکەو هاواری لێکردن:



-ڕەحمەتی خواتان لێبێت گەردنی ئازاد بکەن.. باخوای گەورە ڕەحمی پێبکاتو بیخاتە جەننەتەوە.

هەرهەموو کەوتنە ورتەورت، بەتەنها پیرەمێردێك نەبێت، کە بەنیگایەکی قووڵو پڕقینەوە دەیڕوانییە گۆڕەکەی سۆفی کەریمو لەگەڵ مژی قووڵی سیگارەکەی دەستیدا، ناخی خۆی پڕ لەدووکەڵ دەکردو لەوسەریشەوە خەمو تاڵاوێکی لەمێژینەی زەرد لەکونە لووتە فشەکانییەوە بەتەوژم دەهاتە دەرێو سمێڵە زلە سپییەکەشی زەرداوی مەراقی لێدەچۆڕا.

کاتێك خەڵکی سەر گۆڕستانەکە باڵتەو بێڵەکانیان دا بەشانیانداو بەسەرو ڕیشی تۆزلێنیشتووەوە دوا بەدوای مەلاکە ڕووەو ئۆردوگاکە خلۆربوونەوە. پیرەمێردەکە بەتەکانی گەورە خۆی گەیاندە مەلاکەو لێی پرسی:

-مامۆستا مەلایکەتەکانی خوا، لەناو گۆڕدا بەچ زمانێك پرسیار لەکەسی مردوو دەکەن؟

مەلاکە ئاوڕێکی سەیری لەپیرەمێردەکە دایەوەو بەدەم ڕێوەو بەساردییەکەوە پێی وت:

-بەلوغەی قورئان.

-ئەی ئەگەر مردوویەك عەرەبی نەزانێت؟

-ئەگەر ئەهلی جەنەت بێت، خوا قودرەتی ئەوەی دەداتێ کە بەلوغەیەکی عەرەبی فەسیح جواب بداتەوە.

بەهاناسە پڕێکوە، بەردەوام بەدوای مەلاکەدا هەنگاوی هەڵدەهێناو دیسانەوە پرسی:

-کەسی مردوو پاش وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بۆی هەیە ئەویش پرسیار لەمەلائیکەتەکانی خوا بکات؟

مەلاکە هەر بەبیستنی ئەم قسانە، ناوچەوانی هێنایەوە یەکو بەتوورەییەوە وەڵامی دایەوە:

-(ئەستەغفیروڵڵا)، کفر مەکە پیرەمێرد، مردوو چۆن سوئال دەکات، بەنی ئادەم تا ئەو رۆژەی لە (دار الفناو) دایە، بۆی هەیە سوئال بکاتو بپرسێت، کە گەیشتە (دار الخلود) بۆی نییە تەنانەت نیو سوئالیش بکات.

-ئەی ئەگەر لە (دار الفناو)دا پرسیارەکەت وەڵامی نەبوو؟

مەلاکە توورەتر لەپێشوو هاواریکرد:

-ئەمە تۆ دەڵێی چی پیرەمێردی خەڵەفاو، ئاخر ئەوە چی سوئالێکە وەڵامی نییە، ئادەی بیڵێ؟

پیرەمێردەکە لەڕۆیشتن وەستاو، توند قۆڵی مەلاکەی گرتوو رووەو خۆی وەریگێڕاو چاوە کزەکانی بڕییە نێوچاوی‌و بەهێمنییەوە پێی وت:

-سۆفی کەریمی رەحمەتی هەتا دوا هەناسەشی دا، کەس نەبوو وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوەو هەر بەو مەراقەشەوە مرد، دەمەوێت بزانم



ئاخۆ ئێستا لەناو گۆڕەکەیدا دەتوانێت لەمەلائیکەتەکانی خوا بپرسێت.

لەحەژمەتاندا نەیتوانی قسەکانی تەواو بکاتو لێوەکانی کەوتنە تەتەڵەو فرمێسك بەر چاوانی گرت.

مەلاکەش بەو دیمەنە خەمێکی قورس ئەوکی گرتو بەئەسپاییەوە پێی وت:

-بڵێ، سوئالەکە بڵێ؟

-ئەنفالەکان لەکوێن‌و کەی دەگەڕێنەوە؟

***

## لەکۆتایی چاوەڕوانیدا

# لەکۆتایی چاوەڕوانیدا

-لــەبیرمــە ســەرەتــا، مــاڵی مــیمکم رووی لـەپانتاییـەکـی بـەرفراوانـی سـەوزی بـوو، پـشتی کردبووە ئۆردوگا قەرەباڵغەکە.

تاقـە مـاڵێکی چکۆلانـەی پـەرپـووت، کـەوتبـووە هەرە دامێنی خانووە خوارو خێچەکانەوە.

لەچەند ساڵی یەکەمی بنیاتنـانی ئۆردوگـا زۆرە ملێکـەدا بـستێك خـوارتر لـەدەرگـای حـەوشــەی ماڵـەکـەیـەوە هـەمـوو بـەهارێـك دەبـووە کێڵگـەی

سەوزی فەریکە نۆك، وەك فەرشێکی ئەستووری سەوز سەوز تەواوی دەشتاییەکەی دادەپۆشی، وەك چۆن بەفر چیا دادەپۆشێت.

میمکم کەس کەسی نەبوو، جگە لەخۆیو خودا، کەسی تر لەو ماڵە چکۆلانەیەیدا نەبوو، تاقە ژوورێکو بەرهەیوانێکی بچووك بەدەمییەوە حەوشەیەکی فراوانی تەنەکەڕێژ هەبوو.

هەرچی جارێك دەچوومەلای، دەمبینی لەبەردەم دەرگای حەوشەکەیدا هەڵکورماوەو لەگەڵ هەر دەنکە تەسبیحێکی نێو دەستە زبرەکانیدا، لەژێر لێووە دەڵێت (اللهم صلی علی محمد وعلی الە محمد)، چاوە کزۆڵەکانیشی پڕیوەتە ئەو لا ڕێگەیەی کە کەمرو زۆر بەدەگمەن مرۆڤی پێدا ڕەت دەبێت، بەبینی منی چکۆڵانە دەگەشایەوەو خێرا هەندێك وردە پارەی دەخستە مشتمەوەو دەیوت ( بچۆ فەریکە نۆکی پێبکڕە...)، ئیدی دەمەو عەسران، بەدیار باوەشێك فەریکەنۆکەوە دادەنیشتینو لەگەڵ عەسرەچادا دەنك دەنك دەمانخستنە نێو زارمانەوە.

(تائێستاش منداڵی نێو یادەوەریم تامی ئەو فەریکەنۆکانە دەدات).

خەڵکی نێو ئۆردوگاکە کەوتبوونە ژێر باری قورسی ژیانەوە، بەهەموو نەگبەتییەکانییەوە، وەك ئەوەی تاعوون لێیدابن بەلێشاو لار دەبوونەوەو هەناسە سارد دەمردن.



زۆری نەبرد کێڵگەی فەریکەنۆك وەرگەڕاو بوو بەکێڵگەی کێلی گۆڕەکان.

لەئێستادا هەموو شت گۆڕاوە تەنیا ماڵە شڕە لانەوازەکەی میمکم نەبێ.

هێندە نەبێت جاران پێشی کێڵگەبوو، ئێستا گۆڕستان، جاران تولەڕێیەکی خواروخێچی پێدا تێدەپەڕی، ئەمێستا ڕاستەشاڕێیەکی فراوان کە ڕۆژانە چەندینو چەندین تەرمی پێدا تێدەپەڕێت لەدۆزەخەوە بۆ دۆزەخ.

من گەورەبوومو بەمەبەستی خوێندن چوومە شار، میمکیشم وەك کارگوزار لەیەکێك لەقوتابخانەکانی ئۆردوگاکەدا دامەزرا.

بەیانیان تادەمەو نیوەڕۆ پۆلی منداڵەکان پاکدەکاتەوەو دەمەو ئێوارانیش لەبەری دانیشتنو چاوەڕوانی بەردەرگا دەچێتە نێو گۆڕستان.

-یەکەم سێ ساڵی نێو ئۆردوگاکەم بەچاوەڕوانیی بردەسەر، پێموابوو لەهەر ساتێکدا بێت کوڕەکەم دێتەوەو لەبەردەم دەرگای حەوشەکەمدا باوەشی پێدا دەکەمو تێرتێر ماچی دەکەم.

دڵی دایك پڕە لەسۆزو خۆشەویستی، لەڕێگەی خەوەوە پەی بەهەموو ڕازو نهێنیو حەقیقەتێك دەبات.

سوبحەینانێك، بەخەبەرهاتمو زانیم چی تر کوڕەکەم دڵی لێناداو لەژیاندا نەماوە، پێشتر

چاوەڕوانبووم بەپێیەکانی خۆی بێتەوەو زیتو زیندوو لێم پڕوانێت، بەڵام پاش ئەو خەوە چاوەڕێبووم لەنێو دارمەیتێکدا بۆم بهێننەوە تا لەتەنیشت خۆمەوە گۆڕێکی بۆ هەڵبەستمو منیش وەك خەڵکی هەر کات ویستم بچمە سەر مەزارەکەیو بیدوێنمو بەسەریدا بگریم.

لەوە دەترسام تەرمی کوڕەکەم درەنگ بگاتو لەگۆڕستانەکەی تەنیشتمەوە جێگەیەکی بۆ نەمێنێتەوە، ماوەیەك خۆم بەهەڵکەندنی گۆڕی کوڕە تەرم بزربووەکەمەوە خەریك کرد، هەموو ڕۆژێك پاش گەڕانەوەم لەدەوام، خاکەنازو قازمەکەم هەڵدەگرتو دەچوومە نێو گۆڕەکانەوەو لەجێگەیەکی باشدا کە هەرچوارلای گۆڕبوو، دووچاڵە گۆڕی جوانو باشم لێدا، یەکێکیان بۆ کوڕەکەمو ئەوی تریشیان بۆ خۆم، ئێستا من پیرێژنێکم هەموو ئێوارانم لەنێو چاڵی دوو گۆڕدا بەنزاو گریانەوە بەسەردەبەم.

تاقە ئومێدم گەڕانەوەی تەرمی کوڕەکەمە بەر لەوەی خۆم ببم بەتەرم.

-جارێکیان لەگەڕانەوەمداو لەئێوارە عەسرێکی باراناویدا رووەو میمکم کەوتمەڕێ، دەرگای شەقوشڕی حەوشەی ماڵەکەی کەوتبووە سەر پشت.

لەژوورەوە چەند بزنێکی لاساری رەش رەش دەمیان ژەنیبووە تەشتە نانەکەیو بەقەپاڵی گەورە دەیانماشییەوە، پڕمدانیو پەلەو بەدەمی پرنانەوە تێیان قووچانو هەڵهاتن.



بەدوای خۆمدا دەرگاکەم کڵۆمداو یەکسەر بەرەو گۆڕستانەکە چووم، بەنێو گۆڕەکانداو زیکزاك خۆم گەیاندێ.

لەو ئێوارە باراناوییەدا، میمکم لەکۆتەرە دارێکی رەش دەچوو، کە بەئاگری ئافات سووتا بێت، بێئەوەی بەخۆی بزانێت لەنێو ئەو دوو گۆڕە سەربەتاڵەدا ببووە سومبوولی مەرگەسات، کاتێك منی بینی ورد ورد وەك گوڵێکی پەژمووردە گەشایەوە، بەرامبەری دانیشتمو هیچیم نە وتو ئەویش ورتەی لەدەم نەهاتەدەر.

لەنێو سکونی گۆڕەکاندا منو میمکم بەرامبەر بەیەك لەکێلی سەر گۆڕێك لەگۆڕەکان دەچووین، نەك دوو مرۆڤی زیندوو، ڕۆژانێك بەر لەئێستا منیش وەك ئەم میمکە داماوەم هەموو ڕۆژێك دەهاتمە نێو ئەم گۆڕستانەوە، بەڵام من بەمەبەستی خوێندنو سەعیکردن دەهاتمە ئێرەو لەژێر سێبەری کاڵی توونەمامێکی سەر گۆڕێکدا، پشتم لەکێلێك قایمدەکردو دەسکەوتە گرنگەکانی شۆڕشو سووری ژیانی بۆقم لەبەردەکرد.

میمکە خێرلەخۆنەدیوەکەم، بەدەم نزاو پاڕانەوەوە لێوەکانی تەتەڵەیان دەکردو زوڵفە سپێیەکەی لەژێر هەورییەکەیەوە شۆڕببووەوە لای چەناگە قوپاوەکەیو تك تك دڵۆپەبارانی لێدەچۆڕا، چاوەکزو بەقوڵاچۆکانی پڕو تەڕ فرمێسك بوون، وێنەی خۆرێکی سەوز لەبەرزایی لاتەنیشتی چاوی چەپیدا کوترابوو، کە لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە ورتەورت

وەك خۆری سەر ئاڵایەك هەستمدەكرد دەشەكێتەوە.

لەسەرخۆو بەئەسپایی بێئەوەی سروتی ماتەمگێری بشێوێنم لێمپرسی (میمكێ جاران ئێرە چ دڵگیربوو، هەتا چاوپڕیكردایە سەوزیی بوو، كەچی بوو بەم گۆڕستانەی كە بەردەوام دەكشێ‌و پەلوپۆ دەهاوێت، وابڕوا وەك ئەژدیهایەكی حەوت سەر ماڵەكەت‌و هەموو ئۆردوگاكەش لووش دەدات).

پاشئەوەی لەدوعاكانی بووەوە لەژێر لێوەوە وتی: (ئەو كاتانەی منداڵان بەباوەشی پڕفەریكەوە بەكۆڵانەكاندا دەخولانەوەو دەسكەنەیان دەفرۆشت، لەوكاتەدا من دەمزانی ئێرە دەبێتە گۆڕستان).

پێموت: (میمكە گیان چۆن دەتزانی؟!).

-لەخەوی پاش نوێژی بەرەبەیانێكدا، تۆم بەدەسكەنۆكێكەوە بینی، دەستت بردو دەنكە فەریكێكت هەڵبچڕی، لەبری دەنكەنۆكی سەوزو نەرمو بەتام، كرمێكی گرمۆڵەی مردووت هات بەدەستەوە، تورت هەڕداو دەنكێكی ترت هەڵبچڕی، دیسانەوە كرمە مردوویەكی ترت بۆ دەرچوو، پێكەوە هەرچی دەنكە فەریكەكان هەبوو هە مانپچڕین، لەهەر هەموویاندا كرمی مردوو هاتنەدەرێ نەك فەریك.

بەجووتە هەستاین‌و چووینە نێو كێڵگەكەوە، لەوێش هەر قاوغێكی سەوزی فەیكمان هەڵدەبچڕی كرمێكی مردوو لەنێوان پەنجەكانمانەوە



دەكەوتنە بەر پێكانمان، تا وایلێهات ژێر بنجكەكان پڕپڕ بوون لەلاشەی كرمی بێگیان‌و جوڵە.

لەپاش خەوی ئەو بەرەبەیانەوە ئیدی چاوەڕوانی بەردەرگای من بۆ لەباوەشكردنی كوڕە بزربووەكەم، گۆڕا بەچاوەڕوانی تابووتێك كە تەرمی كوڕەكەمی تێدا هەڵگیرابێت.

هێشتا ساڵو نیوێك بەسەر خەوەكەمدا تێنەپەڕی بوو، نیوەی دەشتاییەكە بوو بەگۆڕستان‌و بەردەوامیش تەرمی زیاتری بۆ رێدەخراو هەر دەكشا.

پاشان، ئالێرەدا ئەم دوو چاڵە گۆڕەم هەڵكەند، دڵنیام ئەو رۆژە هەر دێت كە ئێسك‌و پروسكی كوڕە ئەنفالكراوەكەم دەگەڕێنرێتەوە ئێرە، من باشم كرد، جێگەی خۆم‌و كوڕەكەمم ئامادەو سازە، تاقە داواكاریشیم لەخوا ئەوەیە بەرلەوەی بچمە ئەم گۆڕەی خۆمەوە، كوڕەكەمم خستبێتە گۆڕەكەی خۆیەوە. لەدڵی خۆمدا بەهەناسە ساردییەكەوە وتم:

-ئای لەبەدبەختی‌و نەگبەتی تۆ میمی، پانزە ساڵی رەبەقە بەدیار ئەم دوو چاڵەوە چاوەڕێدەكەیت، جگە لەخۆت كەسی تر لەخەمی گەڕانەوەی رووفاتی كوڕەكەتدا نییە، دڵنیام گۆڕەكەی خۆت پڕ دەبێتەوەو پێناچێت تا ئەبەدیش چاڵی كوڕەكەت بێتە گۆو كێلێكی لەسەر نووسراو بخۆیەوە ببینێت.

* * *

بەهەنگاوی قورس‌و لەسەرخۆ بەنێو گۆڕەکاندا هەڵکشا، لەنێوان هەردوو چاڵەکەدا هەڵوێستەیەکی کرد، بەئەسپایی بوخچە ڕەشەکەی بن هەنگڵی دانایە سەر زەوییەکەو تاوێکی باش بەسەریدا گریا، پاشان خۆی هەڵدایە نێو یەکێك لەچاڵەکان‌و بەدەستە زبرەکانی تەواوی خۆڵ‌و خاشاکەکەی فڕێدایە دەرێ.

هەر لەنێو چاڵەکەوە دەستی بردو بوخچەکەی لەلێواری چاڵەکە نزیککردەوەو وردەوردە گرێکانی کردەوە.

ئێسکە کەللەسەرێك‌و کۆمەڵێك ئێسك‌و پروسکی سپی سپی وەدەرکەوتن، یەکەمجار بەهەردوو نێو لەپی‌و زۆر بەڕێزەوە کەللەسەرەکەی هەڵگرت‌و تاوێك لێی ڕاما.

دوو جێ چاوی قووڵ‌و ریزە دانی سپی لەسەریەك نیشتبوو، هێڵێکی بازنەیی ڕێکوباریك لەئاستی نێوچاوانی کەللەسەرەکەداو بەهەردوو لادا تاپشتە سەرەکە کشابوو، توندتوند کەللەسەرەکەی نووسان بەسینگییەوەو وەك ئەوەی کۆرپەلەیەکی گرینۆك ژێرکاتەوەو کەوتە لاواندنەوەی.

-کوڕە جوانەکەم، وەك ساتی منداڵی بۆ دواجار سەربخەرە سەر سینگی دایکت، لەبیرتە تاسەرت نەخستایەتە کۆشمەوە خەوت لێنەدەکەوت.



یادەوەریی هەڵپیپێچا بۆ ئەو ڕۆژەی کە بەپرتاوو گریان‌و جەستەی خوێناوییەوە خۆی کرد بەژووردا.

پەنجەکانی گێڕا بەکەللەسەرەکەداو لەبەرخۆیەوە کەوتە دوواندن.

-ئەوە جێبرینی ئەو ڕۆژەیە کە لەشەڕە قۆچەقانێدا شکا، لەبیرتە سووتماکی پەڕۆ سووتاوم بۆ خستیتەسەرو پاشان بەپەڕۆیەکی سپی بۆم پێچایت‌و ئەوجا هاورت دەکرد دایکە منت کردووەتە مەلای گوند.

هەردوو جێ چاوی کەللەسەرەکە وەك دوو کانیلە پڕپڕبوون لەئاو، ئاوی سوێری چاوانی دایك، قووڵ‌و بەسەرنجەوە لێی ڕامابوو، ئاخر ئەمە دووا بینینە.

بێئاگا لەفرمێسکبارانی چاوانی خۆی هاواریدەکرد:

-توخوا ڕۆڵە فرمێسکی ناسۆر مەڕێژە سەر دەستەکانم، چیتر مەگری، ئیتر تەواو تۆ لای دایکی خۆتی تۆ لەلمەوە گەڕایتەوە بۆ خاك.

خوا هاوار لەو زاڵمانە چییان بەسەر هێناوی، ڕۆڵەکەم کە بردیانی کەی ئاوابووی، ئالێرەدا دووچاوی ڕەشی گەش چەشنی دوو دەنکە ترێی بەرخۆرەتاوی هاوین هەبوو، لووتێکی باریك، دوولێوی تەنك‌و ئاڵ ئەم ریزە دانانەی داپۆشی بوو، کالۆلێنکی ڕەشی لوولپێچ، چ جوان‌و نازدار بوون.

لەنێو دەستەکانیداو لەپڕ ئێسکی چەناگەی پردانی کەللەسەرەکە بەرەوخوار ترازاو دەمی تا بناگوێی دابچڕا.

دایکە شڵەژاو کەوتە راژەندنو لاواندنەوەی:

-نانا رۆڵەگیان مەگری، توخوا مەگری.

شڵەژاوو داماو نەیدەزانی چۆن کۆرپەکەی ژیرکاتەوە، پەنجەی شایەتمانی بەئەسپای دەکێشا بەسەر دانەکانیداو پس پسی بۆ دەکرد، بەڵام کەللەسەرەکە ژیر نەدەبووەوەو دەمی پڕ ئازارو هاواری دابچڕی بوو، لەنێو کۆشیدا رایدەژەنو نەرمە گۆرانی دەدا بەگوێیدا، کەچی هەر سوودی نەبوو.

دواجار یەخەی کراسە رەشەکەی بەری خۆی دادڕیو مەمکە شۆڕو سیسەکانی خۆی دەرهێناو خۆی شۆڕکردەوە بۆ نێو چاڵەکەو چوارمشقی لێیدانیشت.

گۆی مەمکی خۆی خستەنێو بۆشایی هەردوو ریزەدانی کەللەسەرەکەو زۆر هێمنو لەسەرخۆ چەناگەی کەللەسەرەکەی بەرزکردەوە تا ئەو ئاستەی هەستی بەئازاری سەرگۆی مەمکی خۆی کرد، کە کەللەسەرەکە توند توند قەپاڵی پێداکردبوو.

-تەواو ئیتر نەگریی، تێروپڕ شیر بخۆو بۆ ئەبەد بنوو.

پشتی دا بەچاڵەکەوەو پێڵوەکانی خستەسەر یەکو هەناسەیەکی قووڵی شادومانیی هەڵمژی، لەناخەوە هەستی بەکزە تەزوویەکی لەزەتاویی



ئارامبەخش کرد کە سەرچاوەکەی گۆ مەمکی نێو زاری کەللەسەرەکە بوو، پاش قەدەرێك سەری بەرزکردەوەو دوا نیگای پڕییە کۆرپەلەکەی ئامێزی، بەهەردوو دەستی بەرزیکردەوەو هێدی هێدی خستییە سەرووی چاڵەکەوەو لەسەر لا دایناو بەسەریدا خۆی شۆڕکردەوەو هێمن، نەکا خەبەری بێتەوە، تەنکە ماچێکی کرد.

هەستایەوە سەرپێیو دیسانەوە دەستی بردەوە نێو بوخچەکە، ئەمجارەیان قەفەزەی سینگو دووئێسکە دەستی شۆڕو پڕبڕە پشتی هات بەدەستەوە، کە هەر هەموو توندو تۆڵو بێکەموکوڕی پێکەوە لکابوون، توند بەخۆیەوە نووسانو بەدەستی، یەکێك لەدەستە بەئێسکبووەکەی بەرزکردەوەو خستییە سەر ملی خۆی.

-کوڕی شیرینم بۆ جارێکیتر دەستت لەگەردنم بئاڵێنە با تێر بۆن بەسینگتەوە بکەم.

دانەوییەوەو لەسەر لاتەنیشتو لەخوار کەلەسەرەکەیەوە پاڵی خست.

دواجار ئێسکی ئەستوورو درێژی قاچەکانی لەچارۆکە رەشەکە دەرهێناو بەهەمانشێوەی پێشو لەدامێنی چاڵەکەدا راخست.

-هەست بەتەنیاییو نیگەرانیی مەکە کوڕە شیرینەکەم، هەتا هەم بەردەوام میوانی هەمیشەیی ماڵەکەتمو چیرۆکە خۆشەکانت دووبارە

بۆ دەگێڕمەوە، کە مردیشم دەبمە دراوسێی ئەبەدیت.

لەوچاڵەی کە ئێسکە پەیکەرێکی تەواوو کامڵی تێدا راکشاوە، هاتە دەرێو قووڵ لێی روانی.

-ئێستە تەواو تۆ لەلمەوە گەڕایتەوە نیشتمان، لەغوربەتەوە بۆ کۆشی دایکت، لەچارەنووسی خۆت دڵتەنگو نیگەران مەبە ئەزیزم، مەرج نییە هەموو مرۆڤێك قۆناغی لاوێتی بینێ، یان وەك تۆ بەلاویی دەکوژێو پیری نابینێت، بەڵام مەرجە هەر هەموو ببینە ئێسکە پەیکەر، ئەمە دواقۆناغو چارەنووسی هەمووانە، ئەوەتا تۆ پێیگەیشتی، ئیتر هەتا دەتوانی ئارامو خۆشحاڵ بنوو.

دەستیدایە خاکەنازەکەو وەك ئەوەی گەنجینەیەکی هەرە بەنرخ بشاریتەوە، بەپەلەپەل، نەکا کەسێك بیبینێت گۆڕەکەی پرکردەوە لەخۆڵو دوو بەردی بۆ کردە کێل، لەبۆلێنڵەدا ماندووو یەخەدڕاو، سەراپا غەرقی تۆزو خۆڵ بەنێو گۆڕەکاندا بەرەو کەلاوکەی خلۆر بووەوە.

تاقە شتی گۆڕاو، قووڵایی ناخی بوو، کە لەمێژبوو چاوەڕوانی هاتنەدی ئەم خەونەی بوو، خەونی بەخاکسپاردنی ئیسکە پەیکەری کورە ئەنفالبووەکەی.

***



سێ رۆژ پاش ئەم رووداوەو بەتۆمەتی دزینی ئێسکە پەیکەری نێو تاقیگەی قوتابخانەکە، لەکارگوزاریی فەسڵکرا.

***

تەیموور

# تەیموور

بەویقاری خوایەکی نێو ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان, حیکایەتەکەی گ ایەوە.

ئەو حیکایەتەی ناوە ناوە لەهەور ێکی پ مەرگ دەچ ێت کە مەحکوومە بەسەر بیاب ێکی وشكو برنگدا بباری, ب ئەوەی ژیا ێك پاراو بكات. حیکایەتێك قورستر لەو بەردەی (عەلی کوری ئەبی تالب) لە ئەژنۆکانی زیاتر نەیتوانی بەرزی بکاتەوە. (تەیموور) ئەو حیکایەت خوانەیە, کە قەدەر لە چنگی مەرگی بەکۆمەڵ دەیرف ێ ودەیکاتە زمان حاڵی تا ترین حەقیقەتی گەردوون.

تەیموو پاش گ انەوەی مەرگە ساتەکە بەو دەنگەی کە وەك تیغ جەرگ ورۆحی گو گرانی دەبڕی وخو ێن وفرمێسکی ئاو تە دەکرد. بەدوو چاوی تەڕو گەش وتیژەوە کەلە چاوانی پ ێنگ ێکی



بریندار دەچوو. بەتەواوی هۆڵی دادگاکەدا ڕووانی, کەچاوانی کەوتنە سەر کەسانی نێو قەفەزەکە کەچەشنی مشك خزابوونە نێو پ تۆ ڕەشەکانیانەوە, لە ترس وخەجا ەتی دا ملیان شۆڕ کرد وچی تر سەریان بەرز نەکردەوە.

یەک ێك لەپار ێزەرانی نێو هۆڵی دادگاکە ڕووی کردە تەیموور

-دەتوانی دادگا بەریتە سەر گۆڕە بەکۆمە ەکان... لەماوەیەکی کورتی چەند چرکەدا ڕۆحی تەیموور ببووە هەڵۆیەکی بەرزە فڕی چاو تیژی ێ و قو ایی ئاسمانی سەر بیابانو دەیڕوانی وگۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەدۆزیەوە. ڕوانینە ئاگرین وتیژەکەیشی هەر بەردەوام و ێرانە بوو

-بە دەتوانم,هەرکەس ئارەزوو بکات, دەیبەمە سەر چا ە پ لەتەرمەکان, پاش چەند ڕۆژ ێك ولەنێو قو ایی بیاب ێکی پان وپۆردا,

تەیموور لە ێو چەند تەپۆڵکەیەکی بەرز ونزمی ل ەرەو لەوێ ی نا ێك وڕ ێکدا ڕاوەستاو بەئەسپایی ئاوری لەو خە کە ماندووەی دوای خۆی دایەوە کە بریتی بوون لەچەند پار ێزەر ێك وئەندامانی دادگاو دوو پسپۆری هە دانەوەی گۆڕ ورۆژنامە نووس وکر ێکار وپاسەوان وخە ێکی تر.. خەمی لەم ێژینەی قووڵ ل ووو چەناگەی خستە لەرزینو نیمچە گریاناوی پێی وتن:

-ژ ڕەوەی ئەم تەپۆڵکانە یەکپارچە کەس‌و کارو هاوزمانی منن... ئێرە گۆڕستانی گۆڕە بەکۆمە ەکانە. ب پشوودانی دوای ماندوو بوونی ڕێگای دووری ن و بیابان، لە هەمو لاوە دەستیان دایە هە دانەوەی لمەکە.... خانەکانی تایبەت بەیادەوەری ن و کەلەسەری تەیموور گەرایەوە بۆ ن و ڕۆحی ئەو شەوەی کە بەکۆمەڵ ڕاپ چی نێو ئەم چا انەیان کردن . ڕووداوو دیمەنگەل کی بەسامو ترسناك بوون، لە نێو قاوشی گەورەو درێژدا بەهەزاران کەسیان تێك ترنجاندبوو .. ب ش‌و مارو خە لك‌و خوای بێوەی‌و داماوو گوناح بەزەییان ل دەچۆڕا... داپیرەو داپیرە... میمی‌و ئامۆژن‌و باجی ژن... بووك‌و خەسوو.. کچانی گوند... گاوان‌و شوانی نێو م رگی سەوز سەپان‌و جوتیار ... عاشقە چاوباشقەکانی سەرکانی مندا انی بەربەر خۆڵە ساوای شیرە خۆرە... ماندووو برسی‌و پ ترس وتۆقین وگریان... بەتەپ وتۆزی ڕێگای دوور وڕەنگ‌و بۆنی مردن سواخ درابوون بەگشتی لەوەرزێك لەوەرزەکانی حەشر دەچوون ژنانی بۆیمە لەسەری گۆبەرۆك‌و م خەکی بۆندار ونێو مەچەك خەناوی بەهەردوو دەست پرچ‌و ڕوومەتی ئاڵی پ خاڵی خۆیان دەڕنی داد ونزایان بوو, پیرەکان لەترساندا گۆچانیش ڕای نەدەگرتن ودەکەوتنە ژێر پێوەو وڕێنەیان بە فریاد ڕەسی ئاسمانەوە دەکرد. کچۆڵًەکان لەترسی حەیاو ناموسی خۆیان پەناو پەس ویان دەگرت‌و بەلەچکەکانیان سیمای مانگ ئاسای خۆیان لەسەربازە چ س کەکان دەشاردەوە.



کچۆڵەیەکی بچکۆلانە لەپەنایەکداو بە ئەسپای بۆ بووکە شوشەکەی دەدواو ... (کە چووینەوە گوندەکەی خۆمان دەست جلی نوێت بۆ دەدوورم...) کوڕە لاوە دەست‌و مەچەك بەهێزەکان ڕەپ‌و ڕاست وەستا بوون لە توڕەییدا چاوانیان نە دەتروکاندو لەژ ر فشاری هەستی پەشیمانی قو دا سم ە ڕەشەکانی خۆیان دەجوی، یەک کیان لە ژێر ل وەوە وتی (ئاخ خ خ چۆن بەقسەی مستەشارە خۆفرۆشەکان فریومان خواردوولەبری شەڕو هە ڕهاتن خۆمان خستە ئەم قەفەسی مەرگەوە ...)

منا ە ساواکان بە کۆشی دایکیانەوە بۆ خواردن دەگریان دایک لك بەناچاری‌و بەمەبەستی فریودان‌و ژیرکردنەوەی کۆرپەلەکەی پارچە مقەبایەکی ڕەنگ بۆری وەك نان بەدەستەوە گرتبوو بۆی ڕادەوەشاند... تەواوی حەشاماتەکە برس تی‌و تەپوتۆزو ماندویی چەند ڕۆژەی نێو قافڵە ب سەرەتاو کۆتاییەکان لە پەل‌و پۆی خستبوون‌و بە ئاستەم هەستیان بە ژیان دەکرد . پاڕانەوەو گریان‌و ئاخ‌و ئۆفی خە کەکەو زریکەو قیژەو قاژی منا ان‌و جار جارەش قو پی ڕشانەوەو دەنگی حەپە حەپی وەڕینی سەگەکانی دەرەوەی قاوشەکە ، کت‌و مت لەساتی دووا نەفخی سوور دەچوو... لەن و ئەو ژاوە ژاوەدا تەیموری منداڵ لەبرساندا دەگریاو هەر دەگریا وڕکی لە دایك‌و باوکی گرتبوو نانی دەویست ... باوکە لەحەزرەتاندا سەری خۆی بەدیوارەکەدا دەکێشاو پ بەگەرووی هاواری نانی دەکرد ب ئەوەی کەس فریایان بکەوێت.... تەیموور هەر

دەگریا... دایكی پڕی پیا دەكاتو دەیخاتە ئام ێزیەوەو لەبری نان فرم سكی گەشی بەسەردا دەبار ێنێت ... جگــە لــە فرمێسك هیچــی تــری وەچنــگ ناكەو ێت.... باوكی بەپرتاو خۆی بەنێو حەشاماتی قاوشــەكەدا دەكاو پاش قەدرێك دڵ شكستو دەست خاڵی دەگەڕێتەوە. تەیموور گریانەكەی دەب ێتە نوزانەوە... جار ێكی تر باوكی هەرجۆرێك ب ێتو بە پا ە پەستۆخۆی دەگەیەن ێتە بەر دەرگای قاوشەكەو لە پەنجەرە بچكۆلانەكەوە مشت پارە ئەخاتە ن و دەستی پاسەوانە نا بووتەكەوە ئەویش بە فیزەوە لە تەسەموون ێكی ڕەق هە ڵهاتووی سەربازی دەخاتە مشتیەوە بەهەمان ڕیتمی پەلە پروزێی پێشوو دەگەڕێتەوەو دەیخاتە نێو دەستە نەرمۆڵانەكەی تەیموورەوە.. تەیموور زۆر توند قەپا ێكی پیا دەكات. لە دەنگی گریانی هەردوو لاتەنیشتیەوە بە ئاگا د ێتەوە وەك چۆن مرۆڤ لەژێر كاریگەری گرانەتاداو ب ئاگا وڕێنە دەكات. ئەئاوەها ئەوانیش لەژێر كاریگەری ترسو سامناكی ئەو هەموو ئێسكو پروسكو پەڕو پاتاڵی چاڵە پ لەئ سكە پەیكەرەكەدا دەگریانو ژێر نەئەبوونەوە. تیشكی خۆر بەسەر ئێسكی سپی سەدان كەلەسەرەوە كە دەمی پ دانو هاواریان بۆ ئاسمان بەرز كردبووەوە بریسكەی دەدا . هەزاران ئێسكی درێژی مەچەكو قاچو پەراسووی كەوانەی تێك ئا ابوونو جیاكردنەوەیان مەحاڵ بوو هەزاران هەزار خەونو حیكایەتو خۆشەویستی لەگەڵ گەردیلەی لمدا ئاو ێتە بوو بوون لێرەو لەوێی گۆڕە



بەكۆمە ەكەدا چەند پنش ێكی ڕەنگی كاڵەوە بووی جامانەیەك ، هەوریەك ، كەوایەكی پولەكەدار ، پاتەی سووری پێی مندا ێك نیگای ئامادە بووانی دەقۆستەوە. شەپۆلی خو ێن لەكەلەی تەیموردا جۆشی خواردوو بەرچاوی تاریك كرد ، گەر چی بـ چاو تروكاندن بەتەماشاكردن ێكی قوڵ قو ێدا بوو دواتر ووردە ووردە بە ل ێواری چا ەكاندا كەوتە خولانەوەو نیگاشی بەردەوام لەسەر ئێسكە پەیكەرەكان هە ێنەدەپڕی.

-گۆڕی بەكۆمەڵ چ قەدەر ێكی سەختە ژیانی بەكۆمەڵ لەناو خانووە بە كۆمە ەكاندا هە پەڕكێی بە كۆمەڵ ، درو ێنەی بەكۆمەڵ، شەڕو شۆڕی بە كۆمەڵ ، لە كۆتایشدا مەرگی بەكۆمەڵ...

لەناكاو لە پرمەی گریانیداو مەچەك ێكی هـ ێندە توندی سراواندە ن و چاوانی خۆی بە خزانی لمی ڕۆخ چا ەكە تەواوی پیاوە بە خەمو ئازارەركان ئاوڕیان ل دایەوەو كەوتنە تەماشاكردنیو لەسەر سنگو بە توندی خۆی هە ێدایە نێو چاڵەكەوە بە هەردوو دەست لمی بەخۆیدا دەكردو باوكو دایكەڕۆی تا بیناقاقای ئاسمان بەرز دەبوویەوە... ش ێت حاڵو گـ گرتوو وەك ئەكتەر ێكی بە سەلیقەی سەر تەختەی شانۆ كە دوا ئاستی تورە بوونو ش ێت بوونی شالیر بەرجەستە بكات كەوتە گ انەوەی حیكایەتی ئەو شەوە تاریكو سامناكە پ مەرگە .

-ئا لەو ێدا زیلەكانیان ڕاگرتو بە زەبری سەرە ن ێزەی چەكو شەقو پا ێنان بەرەو ئەم چا انەی كە

بۆ مەرگی ئ مە ئامادە کرابوون پەلک شیان کردین لە ن و ڕووناکی لایتی زیل‌و ج بەکاندا تۆز کی مەیلەو سپی لولی دەخواردوو مرۆڤەی دەخستە بیرکردنەوەی پ و پووچی ژیانەوە... لەوە بترازێ شەوێك بوو لە هەموو شەوەکانی تر تاریکترو سامناك تر بوو... بەقوڵایی ئاسمانەوە هەزاران هەزار ئەست رەی گەش‌و کز دەبریسکانەوە ، ئ مەش لەو شەوەدا سەدان گەروو بووین هاوارمان دەکردو دەگریاین‌و دە پاڕاینەوە ، بەتەنها سەربازو ئەفسەرەکان نەبێت پ دەکەنین‌و جگەرەیان دەک شاو قسەو گۆرانیان بە دەنگی بەرز دەووتەوە .

دەستە دەستە دابەشی سەر چاڵەکانیان کردین ب شەرمانە ئ مەیان بە شەقی قورسی پۆستا ە ڕەشەکانیان ڕەشتر لەو شەوە فڕێ دایە نێو ئەم چاڵەوە بۆ خۆشیان بەدەوری چاڵەکەدا وەستان‌و کەوتنە تەماشا کردنمان هەموو پا مان بەیەکەوە دابوو لە ڕەوە مەڕێکی گ مۆڵە دەچووین بەر شا اوی گورگ کەوتبین ، وزەو جوڵەمان لە خۆمان پڕی بوو. بە ئەستەم هەناسەمان ئەداو بەو ئوم دەی گورگە هارەکان لە بیرمان بکەن‌و لە نێو تاریکیەکەدا شو ن بزر بین ... بە ام لە ناکاو قرمەو قری میل ه نانەوەی چەکەکانی دەستیان قیژەیان لەئ مە هەستاندو هەند کمان بەر لەهەر تەقەیەك لەترسی مردن لەهۆش خۆ چوون‌و کەوتنە ژێر پێوە هەر هەموو لەترسی مەرگ دەگریان‌و هەر بە تەنها منداڵ‌و ساوااکان نەبێت بۆ شیرو نان دەگریان پیرەکان بە پەلە پروزێ‌و بەر لەوەی بپ کر ن (ئایەتی



الکورسی)و (الحمد)و شایەتمانیان دەخو ند..... تەماشای ئەم ئێسکە پەیکەرە کەن ، ئەمە ئەو شەوە بریتی بوو لە پیاو کی کەتەی پ لەژیان گریان وباوکە ڕۆی سەروی دەنگی گریانی هەر هەموومانەوە بوو ، تا پیرە دایك دەستی دایە بن شانی‌و هەڵی ساندەوەو پێی ووت :

- کوڕم پ ویست ناکات ... ئازاری مردن ه ندە بەئازار نیە.... منداڵ خستنەوە گەل ك لەمردن بەئازار ترە ....

تەیموور وەك ش ت بەن و ئێسکەکاندا دەگەڕاو قژی شەلالی ئارەق بوو ، ل وە لەرزیوەکانی وشك‌و داخ بوو بوون‌و چیرۆکە کورتەکانی بەر لەمەرگی بە کۆمەڵی ئەو شەوەی دەچنیەوەو دەیدایە دەم کزە بای بیابانەکەوە .

-لە ژێرەوەی ئەم چارۆکە ڕزیوەدا ئێسکە پەیکەری ساوایەکی تەمەن یەك سا ان هەیە ئەو دوو ئێسکە پەیکەرەی ئەم بەرو ئەو بەری چارۆکەکەش کە بەئ سکی وردی پەنجەکانیان لە هەرچوار لاوە چمکی چارەۆکەکەیان گرتووە دایەو بابەی ساواکە. چەند چرکەیەك بەر لەوەی مەرگ بیان پ ک ت ئەم چارۆکەیان کردە چەند چەترێك بۆ ساواکەو دواتر باوکەکە سەری بەرەو ئاسمان هە بڕی‌و هاواری کرد

-خوایە .... تۆ لە بیاباندا وەحیت بۆ پ غەمبەران ناردوو لە میحنەتەکانیاندا فریاد ڕەسیان بوویت، خوایە ئەم ساوایە هیچ زمانێك نازان و هەر

بەزمانی گریان دەدویٚ. ...خوایە بەهانایەوە وەرە ....ڕزگاری تە ... ئەمانەتی تۆو ئەم مندا ە ... خوایە ... لەناکاو ئەوەی دەمان ویست ڕوو نەدا قەوماو دەنگی تەقەو دەست ڕێژی گوللەی گ دار لە هەمو لایەکەوە بەرز بوویەوە..... لەیەك کاتدا بەسەدان فیشەکی زەردو سووری ئاگراوی پ لەقینو مردن بۆمان دەهاتن . دەیان گەروو لە ڕستەی یەکەمی شایەتو ماندا ڕێك لەساتی گۆکردنی وشەی (الله) دا فیشەکی گ دار دەهاتو لەگەڵ خۆیدا ووردە دانو پارچە زمانی تەڕی لەپشتە سەرەوە دەر دەکرد .ناسکە کیژۆڵەیەکی مەمك خ هەردوو دەستەکانی تا ئاستی چاوەکانی بەرز کردەوەو پێی وابوو هەمان یاری نێو ک گەو پەچەی نێو گوندەکەیانە ئەو کاتانەی کوڕە لاسارەکان وردە زیخو پشقلیان ت دەگرتو ئەویش نێو دەستەکانی خۆی دەکردە قەلـّغانو بە لاقرتیەوە نازی پ دەفرۆشتن .... کەچی بەڕاستی دوو فیشەك بەن و هەردوو لەپی دەستیدا ت پەڕینو تا هەردوو چاوە کاڵەکانیان نەکردە دوو گۆمی پ خو ن نەگیرسانەوە.هەند ك دەکەوتنو هەند کی تر لەبەردەم هێزو فشاری فیشەکەکاندا بەرەو ئاسمان بەرز دەبوونەوەو تا لە شۆڕبوونەوەیاندا باشتر لە لمەکەدا بچەقن.مندا ەکان واق وڕماو گریان ناوی دەستیان بە چمکی فەقیانەو شەڕواڵی باوانیانەوە ب ئەوەی شت کی ئەوتۆ لەبارەی ژیانو مردنەوە بزانن دەکەوتنە ژێر لاشەی قورسی کون کونی باوکو دایکانەوە دەپیشان .



- تەماشاکە ئەو ئ سکە پەیکەرەی خۆی گرمۆڵە کردووە خاڵۆمە .... ئەو لاتریش ئەو کەالله سەرە پ فیشەکە ژەنگاویەی کە تەواوی جەستەی بەو کراسە ڕەشە ڕزیوە داپۆشراوە میمکمە ، هەموو ژیانی هەر مەڕ دۆشینو چێشت ل نان بوو وای لەکارەساتی ئەو شەوە ئای لە قرچە قرچی سووتانو ڕۆچوونی قوڕ قوشم بەنێو گۆشتو ئ سکدا.... لەهەموو لاوە قو پە قو پی خو نو نرخە لە دوا هەناسەی مرۆڤو ئاهو نوزەی ژیانو منداڵ کسپەی فیشەكو دەنگی بەرزی پ لەغروری ملهوڕانەی ئەفسەرو سەربازەکان، بۆنی خو نو گۆشتی سوتاوو بارووت ئاو تەی تەپو تۆزو تاریکی ب بنی بیابان بوو حەشر بوو .... حەشر دوواجار ئا ل رەداو دوای ئەوەی دایكو باوکم وەك دوو چۆلەکە پ کرانو بەلادا کەوتن ، تەنهاو ب پەناو داڵدە مامەوە تا ویزەی فیشەکێك لە بنا گو مدا سەرشانی ڕاستی هە تەکاندمو بەدەما فڕێی دامە سەر سنگی باوکمەوە کە لەدوائاستی ڕۆح دەرچووندا بوو لەگەڵ هە م نانەوەی خو ن کی گەشدا پێی ووتم

-کوڕم تەیمور ، گوێ مەدەرێ ژیان جگە لە ...... بەداخەوە بەر لەوەی بەو حاڵەوە ژیان بخاتە نێو پ ناسەوە ڕۆحی دەرچوو ...

لە حەشمەت ئازاری سەرشانمو بەسەر سنگی خو ناوی باوکە مردووەکەمەوە ب هۆش کەووتمو ئاگام لەهیچ شت ك نەما نازانم بەوحا ە ب

هۆشیەوە چەندم پـ چـوو بـەڵـام ئـەوەی دەیـزانم
هـ زێـك لـە قوڵـایی گـەردوونـەوە پـەلـی گـرتمو
ڕاپیسکانمو بەئاگای هـ نامەوەو هێـزو گـورو تین کـی
نوێ ی پـ بـەخـشیم هـ ز کـی لـەبـن نـەهـاتووی
سـەیر خوایەك یان شـەیتان ك یـان هـەر هـ ز کـی تـر
ئـەو شـەوە دەیویـست ئـەو شـەوە مـن نـەمـرم،
دەیویست دەربازم بکاتو بم نمەوە تا ببم بە شایەت
حا کی زیندووڕاستە قینەی کارەساتی ئەو شـەوە
لە ناخەوە هاواری ل کردم

- تەیمور .. هەستە ... تـۆ نابێـت لێـرەدا بمریـت
.... هەستەو ئ رەو بەجـ بهـ ە ... لـەپـ کـە چـاوم
کردەوەو سـەرم هە بری ... لەن و تاریکیەکەدا سـەرو
سیمای ترسناکی پیرەم رد کم کەوتە بەر چاو بەلادا
کـەوتبـوو بـەدەم نـەزیفـی ڕۆحیـەوە دواسـاتەکـانی
ژیانی پ لەکو رەوەریدا دەژیاو بـە ئاسـتەم سـەری
جو اندو چاوە نیوە کراوەکانی بڕیە قو ایی ئاسـمانو
لەبەر خۆیەوە ووتی :

- لەوەتەی هەم لە دۆزەخدامو کەچی من هـەر
نو ژوو ڕۆژووم بۆ گرتووی ... وەك بەسـەر بـەرماڵـەوە
ڕۆحت نـەکێـشام هـەر هـیچ نـەبـا لـەوڵـاتی خۆمـدا
بتکوشـتام بۆ بەم دەردە گۆڕ غەریبـت کـردم .... لـەو
سـەری چاڵـەکـەوە نـەڕەنـەڕی نـەشـازی دەنگـی
شـۆف ك کە بە قەپاڵی گـەورە گـەورەی دەمـەکـەی
چا ە پ لە تەرمو برینداروو زیندووەکانی پـ دەکـردەوە
بە ئەسپایی خۆم وەرگ او بە زگە خـشـک ویـستم
لـەچاڵـەکـە بچمـە دەرێ ، لـەدواوە دەسـت ك تونـد



قـاچی گـرتم ئـاورم دایـەوە کچۆڵـەیـەکـی ڕەنـگ
هە بزرقاوی تۆقیوم بینی بەدەسـت کی توند قاچی
منی گرتبوو بـەری نـەئـەداو بـەدەسـتەکـەی تـریش
بووکەشـووشـەکەی لەباوەش گرتبـوو بـە ئـەسـپایی
پێی ووتم :

-بۆ کوێ دەچیت ...دەستم بۆ ڕاداو پ م ووت

-وەرە لەگە مـدا ... وەرە دەسـتت ب نـە بـا لێـرە
دوور بکەوینەوە بە ام ئەو خۆی خزانە کۆشـی دایکـە
مردووەکەیداو بە گریانەوە ووتی :

-نایەم .... من لەو عەسکەرانە دەترسم ... ل رە
لەگەڵ دایکمدا دەم نمەوە ... ئەو شـەوە نـەیو را
لـەگـە مـدا بێـتو لێـرە مایـەوە تـەماشـای ئێـسکە
پەیکەرەکەی کەن دەیبینن تا ئ ستاش بووکە ەکەی
هـەر بـە بـاوەشـەوەیـە د نیـام ئـەو شـەوە بـە
زیندوویـەتـی لمـی بـەسـەردا کـراوە ...لـە چاڵـەکـە
هاتمە دەرێو بیینیم سەربازەکان نیشتوونەتە سـەر
چا ە پ لە مەخلوقەکانی ترو قەت و عامیان دەکەن ،
ب ئەوەی کەس ئاگای لەمن ب ت ئـا لێـرەدا بـەنێـو
تاریکیەکەدا خۆم دەرباز کرد. .....

پاشان تەیمور مانـدوو تـۆزاوی بـە ئـەسـپاوییەوە
چوە ن و ئ سکە پەیکەرەکانو لەسەر خۆ ب ئەوەی
بب تـە مایـەی شـ واندنی گـۆڕە بـەکۆمـەڵـەکـە
ج گایەکی بۆ هەردوو ئـەژنۆکـانی دۆزیـەوەو کـەوتـە
سـەر چـۆك بـەدەسـتی ئامـاژەی بـۆ دوو پـەیکـەرە
ئ سکی بەردەمی کردوو بە ئازارەوە ووتی :

-ئەم دوو ئ سکە پەیکەرەی کە سەریان ناوە بەیەکدا دایكو باوکمن .... بەجلو بەرگیشیاندا باشتر دەیان ناسمەوە بە وانن چۆن وەك دوو عاشقی ناکام ئام زیان کردووە بەیەکدا .... لەش وەی سوجدەی نو ژ کردندا بەسەریاندا چەمییەوە پ بەدەمی ناوچاوانی کەلەسەرەکەی دایکی ماچ کردوو پاشان ووردە ووردە لەسەر خۆ دەستی ه نا بەسەر چاکەتە ب ڕەنگە ڕزیوەکەی باوکیداو لەسەروە تا خوار گ ایی و هێدی تر لەڕ شوو نەرم نەرم پەنجەکانی خستە گیرفانی چاکەتەکەیەوەو تا ماوەیەك بە ووردی تیایدا گێڕای دەستی ک شایەوەو پەنجەکانی لەیەك گیرکردو چەند جار ك لەیەکی خشاند وەك ئەوەی پارچە دراو ك پاك بکاتەوە ئامادەبووان هەرهەموو چاویان بڕیە دەستی داخراوی تەیموورو چاوەڕوانی کردنەوەی بوون . ... کات ك تەیموور دەستی ئاواڵا کرد لەن و لەپیدا دان کی سپیو چکۆلانە دەرکەوت کە لەگەڵ بەرکەوتنی تیشکی خۆرەکەدا بریسکەی دەدا . هاوکات لە قو ایی ناخیشیدا یادەوەریەکی تاڵ وەك ئە ماس دەبریسکایەوە توند زۆر توند قەیاڵی پیادەکات تەزوویەك بەئازار بە هەموو جەستەیدا دەگەڕێتو هاوار کی پ بەگەرووی دەکات . ن و دەمی پ دەب ت لەخو ن و بەسەر پارچە سەموونە ڕەقەکەشەوە دان کی سپی وورد بەجـ دەم ن کە هەند کی کەمی لە سەموونەکەدا چەقی بوو . دایکە پ بە تەیموردا دەکاتو دەیخاتە کۆشیو هاوار دەکات:



-خوایە قبوڵی نەکەیت... تەیموور لە تاو ئازاری کەوتنی دانیدا دادو فیغانی پ دەکەوێت باوکی دەست بەسەریدا د ن و پێی دەڵ ت :

-مەگری کوڕم ... پاش کەم کی تر خواردنی خۆشمان بۆ دەهێنن... پاشان لەتە سەموونە ڕەقەکەی زەویەکەی هە گرتەوەو بە دوو پەنجەدانە سپیەکەی تەیمووری ل دەردەه ن تەیموورگیان مەگری ... ئەوا دانەکەت بۆ هەڵدەگرمو کە گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان لەوێ دەیخەمە ژێر خۆڵەوە ، تا دان کی جوانترو پتەوتر لەشو نیدا ب و تەوە. باوکی تەیموور دانە بچکۆڵەو سپیەکەی خستە گیرفانی چاکەتەکەی .

جار کی تر تەیموور بە چاوی تەڕوو سووتاوەو بە ئەسپایی بەسەر کەلەسەری باوکیدا نوشتایەوەو ماچ کی قوڵی لەجێی ن وچاوانی کردوو بە ئەسپایش چپاندی بە گوێیدا :

-باوکە خەونەکەت هاتە دی، دانەکەمو ئێسکو پروسکی تۆو دایکمو هەموو خە کی ئاوایی دەبەمەوە بۆ گوندەکەمانو لەوێ دەیانخەمە ژێر خۆڵەوە .

***

شانۆیی

# (تابوتێك لە ئومێد)



کەسەکان:

١-پیرەمێرد

٢-پیرەژن

٣-جنۆکەی سپی

بینار (بیابانێکی گەورەو فراوانە، جگە لە لمرو دوو پیر، هیچیتر بوونی نییە)

رۆژی یەکەم:

پیرەمێرد: "بەچواردەوی خۆیدا دەڕوانێو پاشان تفێك دەكات"

ت...ف. هیچ نابینم.!؟

پیرەژن: "بەهەمان شێوەی پیرەمێرد دەڕوانێو تفێك دەكات"

ت...ف هیچ دیار نییە.!؟

پیرەمێرد: جگە لەلم.

پیرەژن: باپڕۆین.؟

پیرەمێرد: بۆ !؟

پیرەژن: پێتوایە، ئێرە ئەو شوێنەبێ، کە دەبێ تیا چاوەڕوانبین.؟

پیرەمێرد: بە .. ئێرە ئەوێییە. "دوورئەڕوانێت"

ئاخ خ خ... هەتا چاوپرکات.. هەر لمە.!

پیرەژن: پیرەمێردی خەڵەفاو... تاکەی لەژێر ئەم خۆرەتاوە گەرمەدا. بێهوودەییانە ڕوانینە سەراب.

پیرەمێرد: چاوەڕوانی گەلێك زەحمەتە.. کووشندەیە... دەبێ خۆمان لەوەهمرو درۆوە بپێچین.. دەنا بەرگەی ئەم هەموو ئازارە ناگرین..



پیرەژن: گوناهمان چی بوو.. بەم ئاخرو ئۆخرەی عومرەوە.. ڕۆژانمان بەوەهمرو خەونی شێتانە. بەسەربەرین. دەکرا گەلێك لەمە باشتر بژییانایە...

پیرەمێرد: هێی پیرەژنی هاوچارەنووسم.. ئێمە هەموو شتێکمان لەدەستداوە. ئەوەی ماوەتەوە. هەناسەیەکی تاڵو ئەم چاوەڕوانییە شێتانەیە. باشتروایە سوپاسی خوابکەین کەبەم پیرییەوە دەتوانین نوێژەکانمان بکەین.. کە مردیشین خێرەومەندێك هەر دەبێ دامانپۆشێ.. چش لەم ژیانەش.. ئەوکات دەچینە بەهەشتی بەرفراوانی خوا.

پیرەژن: دەچینە بەهەشتو یارییە خۆشەکەی خۆمان درێژە پێدەدەین.

پیرەمێرد: ئێمە هەموو ژیانمان بەچاوەڕوانی بردە سەر.. مردنیش لە چاوەڕوانیماندایە.. کە نەگبەتین.

پیرە ژن: زۆر نەگبەتین.

پیرەمێرد: نەگبەتی نەگبەتەکانین..

پیرەژن: ئەی ئەگەر گەمەی چاوەڕوانیمان کۆتایی هات!؟

پیرەمێرد: ئەو کات دڵخۆش دەبین.

پیرەژن: کەوانبێ ئێمە دڵخۆش نین.. چونکە لێرە چاوەڕێ دەکەین.

پیرەمێرد: : بە .. ڕێك وەکو تۆ.

پیرەژن: چاوەڕێی کەسێکی.. زۆر بەپەرۆشی بۆی.؟

پیرەمێرد: بە    زۆرم خۆشدەوێ.

پیرەژن: دەمێکە چاوەڕوانی دەکەی؟

پیرەمێرد: ئەمڕۆ رۆژێکی خۆشە.. دڵنیام دێتەوە؟.

پیرەژن: پرسیم. دەمێکە رۆیشتووە.؟

پیرەمێرد: دەساڵ.. دەساڵە رۆیشتووە. دڵم خەبەریداوە کە ئەمڕ بەیەك شاد دەبینەوە.

پیرەژن: بە    بەیەکتر شاد دەبینەوە.

پیرەمێرد: چۆنت زانی؟

پیرەژن: خەوم بینی.

پیرەمێرد: خەوا!!؟

پیرەژن: لەخەومدا.. خەنجەرێکی جوانیان پێشکەشکردم پربوو لە نەخشو نیگار.

پیرەمێرد: دووا رۆژی چاوەڕوانی هات.. کچەکەم.. کچە شۆخو نازدارەکەم.. دێتەوە .. ئای لەم بەختەوەرییە.. هەربەڕاست کچەکەم دێتەوە؟

پیرەژن: نازانم..

پیرەمێرد: ئەی خەوەکەت!؟

پیرەژن: ئەمڕۆ کورەکەم دێتەوە.. تاقە کورە خۆشەویستەکەم.. کاتێ سەفەری کردو رۆیشت



تەمەنی تەنها هەژدە بەهاربوو.. دڵنیام ئەمڕۆ لەوکات جوانترو قۆزتر دەیبینمەوە.. هەژدە ساڵ دەی بخەینەسەر دەکاتە چەند.. "بەپەنجەکانی دەکەوێتە ژماردن" دەکاتە... دەکاتە بیستو هەشت.. کورەکەم بیستو هەشت ساڵ تەمەنێتی.. دەبێ ئێستە چ لاوێکی قۆزی لێدەرچووبێ.

پیرەمێرد: کەواتە تۆش وەکو من لەچاوەڕوانی کەسێکدای.؟

پیرەژن: بە    ... کورەکەم.

پیرەمێرد: رێك وەك من.. دەساڵە چاوەڕێی؟

پیرەژن: دەساڵ چاوەڕێ بووم.. ئیدی لەئەمڕۆ بەدواوە جۆرێکیتر دەژیم..

پیرەمێرد: دەساڵ چاوەڕێ بووم.. ئیدی لە ئەمڕۆ بەدواوە جۆرێکیتر دەژیم.

پیرەژن: کاتژمێر چەندە؟

پیرەمێرد: زووە... ماوێتی بۆ بانگ؟..

پیرەژن: کە هاتەوە.. پەلی دەگرمو بەرەو گوندە رووخاوەکەی خۆمان دەیبەم.. ئەو ئاوم بۆ دێنێو منیش خۆڵ پێکەوە خشت دروست دەکەینو دیوار هەڵدەچنین. خانوویەك دەکەینو پێکەوە دەژین.

پیرەمێرد: دەترسم..

پیرەژن: چی..!!؟

پیرەمێرد: ئەو نازانێت ئێستا من لێرە چاەڕێی دەکەم دەترسم لەڕێگاوە یەکسەر بەرەو گوندەکەمان بڕواتەوە.. کە ئەو رۆیشت هێشتا گوندەکەمان نەسوتابوو. دەزانم راستەو ڕاست دەچێتەوە بۆ ئەوێ.. تاخۆشەویستەکەی ببینێ.. بەڵام .. ئاخ خ

پیرەرەژن: ئۆف.. کوڕەکەی منیش عاشق بوو.. دەبوا هەموو رۆژێك ببینێ.. لەسەر کانیو نێو رەزوو باخاندا ببینێ.. وای رۆڵە.. چ جوانو ناسك بو.. باڵا بەرزو گەنم رەنگ.. هەمیشە دەم بە خەندە.. هەموو کچانی گوند تامەزرۆی بوون.. بەڵام ئەو بەتەنها دڵی خۆی دابووە تاقە کچێك.. کچ چی کچ.. دەتووت شای پەریانە.. ناسكو باڵا بەرز.. چاوگەشو دەستو مەچەك سپی.. وای خوایە کە جوان بوو جوان

پیرەمێرد: کچەکەم.. ئاخ خ خوایە.. زۆر جوان بوو.. زۆر.. باڵا بەرز.. قژێکی رەشو درێژ.. چاوگەشو دەستو مەچەك سپی.. یە کپارچە جوانی بوو.. کورانی گوند هەموو تامەزرۆی بینینی بوون. بەڵام ئەو دڵی بە تەنها دابووە کورێك.. کورێکی بەژن رێك.. ئای کە جوان بوون...

پیرەژن: راست ئەکەی.. کورەکەم تابلێی بەژن رێكو جوان بوو، دڵم پێم دەڵێ کە ئەمڕۆ گەلێك لەوکات جوانترو نازدارتر دەیبینمەوە.



پیرەمێرد: کورەکەی تۆ لەگەڵ کێدا چۆتە سەفەر؟

پیرەژن: نازانم کەچوون.. خەڵکانێکی زۆر بوون. گەلێ زۆر بەڵام ئەوەی راستی بێت نازانم کوێوە دەچوون.

پیرەمێرد: منیش نازانم بۆکوێ چوون.

پیرەژن: ئۆش پێتوایە.. ئەمڕۆ کوڕەکەم دێتەوە؟

پیرەمێرد: بەڵێ.. بێگومان.. ئەمڕۆ کچەکەم دێتەوە.

پیرەژن: کەواتە پێکەوە دێنەوە.

پیرەمێرد: پێکەوە دێنەوەو دوو منداڵیشیان لەگەڵدایە.

پیرەژن: کورێكو کچێك.

پیرەمێرد: کورەکەیان.. ناوی.. ناوی.. "وچانێك" ناوی هیوایە.. تەمەنی.. تەمەنی نۆساڵانە.. باشم وت.

پیرەژن: کچەکەش ناوی .. "وچانێك" ناوی سەیرانە تەمەنی لەوانەبە هەر هەشت ساڵێك بێت.

پیرەمێرد: ئای کە خۆش دەبێت. هەردووکمان دەبینە باپیرەو داپیرە..

پیرەژن: بۆدواجار بەرلەمردن.من بوومە داپیرەو تۆش بەباپیرە.

پیرەمێرد: "لەبەرخۆیەوە" باپیرە.. باپیرە بیرم دەکردی.. ئامێزی بۆ دەکەمەوە.. خۆی هەڵدەداتە نێو باوەشمەوە.. ماچی دەکەم.. دەماچ.. تا سەدان ماچ.. روومەتەکانی.. دەستە خرپنەکانی. تا تەواو ماندوو دەبم... هەر ماچی دەکەمو بەسنگمییەوە دەنوسێنم.. تا ئەو بێزار دەبێت. ئەوسا هاوار دەکات.. باپیرە گیان بەسە.. هێندەت ماچ کردم.. بێزاربووم.. توندتر دەینوسێنم بە سنگمەوە. دەسبەگریان دەکات.. "دەگری" لەسەر هەرچوار پەلم دەوەستمو دەڵێم.. دەی هیوا گیان سەرکەوە.. با بچینە نێو چیا.. "پێدەکەنێ" ها.. ها.. ها.. بەڵام ئەو نازانێت چیا چییە.. رۆڵە بچکۆلانەکەم.. چیا شتێکی زۆر گەورەو بەرزە..دە باپیرە.. لەپشتی حوشتریش گەورەترە. "پێدەکەنێ" ها.. ها..ها.. ملیۆنان ملیۆن کەرەت لە پشتی هەموو حوشترەکانی ئەم دنیایە گەورەترو بەرزترە ئەویش بەسەرسورمانەوە هاوار دەکات. نا باپیرە گیان نامەوێ بچمە چیا.. حەزم لە قەرەباڵغیو نێو شارەکانە.

پیرەژن: چی لەوە خۆشترە کاتێك باوش بەکورەکەمدا دەکەمو توند توند بەخۆمییەوە دەگووشم.. بەرادەیەك گوێم لەدەنگی پەراسووەکانی بێت.. ئای لەو بەختیارییە کاتێ سەرم بەسەر شانیدا شۆڕکردۆتەوە.. تێرتێر دەگریەم.. "دەگری" رۆڵەکەم.. سەفەری ئەئاوها درێژ کوا بووەو دەبێت.. نە ئەبوو هێندە دڵرەقانە دەساڵ بەتەنهاو لەگەڵ ئەم هەموو خەمو



خەفەتەدا، جێم بهێڵێ وای خوایە. ئەوکات دەبمەوە بەختەوەرترین پیرەژنی ئەم سەرزەمینە.. هەموو بەسەرهاتی ئەم ماوەیەی خۆمی بۆ دەگێرمەوە. باسی سەرماو برسێتی بۆ دەکەم.. رۆژانی شەرمەزارایو نەبوونی.. بێکەسو تەنهایی.

پیرەمێرد: پیرەژن.. باشترواية شوکری خواکەیت کە بەرلەوەی بمریت بەکورەکەت شاد دەبیتەوە..نەکەی، بەقسەی من ئەکەی هیچی بۆ ناگێریتەوە.. گوناحە لەوانەیە بەرگەی ئەو هەموو بیرەوەرییە تاڵانەی تۆ نەگرێ.

پیرەژن: راست ئەکەی.. بەردیش بەرگەی ئازارەکانی من ناگرێ.

پیرەمێرد: بەڵام.. درەنگە.. بۆدیار نەبوون!؟

پیرەژن: نازانم.. ئەبێ کاتژمێر چەند بێ!؟

پیرەمێرد: درەنگە.. پێموابێ بانگی داوە..

پیرەژن: ئەی ئەگەر ئەمڕۆ نەهاتنەوە؟

پیرەمێرد: بەڵام دێنەوە ئەمڕۆ دێنەوە.

پیرەژن: دەزانم دێنەوە. بەڵام ئەی ئەگەر نەهاتنەوە. چی بکەین.

پیرەمێرد: ئەمڕۆ هەر ئەبێ بێنەوە.خۆ ئەگەر نەهاتنەوە ئەوا ئێمە وەکو رۆژانیتر.. سبەیش هەر لێرەینو چاوەڕوانیان دەبین..

پیرەژن: بەڵام درەنگە.. وادنیا تاریك داهات.. پڕوا ناكەم تازە بەم خۆرئاوابوونە.. ڕێگا بدۆزنەوە.

پیرەمێرد: كەواتە ئـەمڕۆش دیارنـەبـوون، بـەڵـام دڵنیام سبەی دێنەوە..

پیـرەژن: كـێ ئـەزانـێ.. لـەوانـەشـە.. ئێـستا بەڕێگاوە بن‌و سبەی زوو زوو بگەنە ئێرە..

پیرەمێرد: ئێمەش سبەی لەگەڵ بانی بـەیانیـدا لەچاوەڕوانیانداین.

پیرەژن: سبەی‌دیسانەوەو سـەر لـەنـوێ یـاریی چاوەڕوانیمان دستپێدەكەینەوە.

پیرەمێرد: بـەڵـام سـبەی دووا ڕۆژ یارییـەكـەیـە.. پێكەوە دێنەوە.

پیرەژن: وەكو بووك‌وزاوایەك پێكەوە دێنـەوە. ئـەو كات ئێمەش زەماوەند دەگێڕین.

پیرەمێرد: سبەی دێنەوە.

پرەژن: سـبەی دێنـەوە.. بـەڵـام مـن برسـیمە.. هیچ شكدەبەی.. بەكەڵكی خواردن بێت.

پیـرەمێـرد: "دەسـت دەكـا بـە كـەشـكۆڵەكـەی هەنگلیداو پیازێك دەردەهێنێ‌و بۆی فڕێدەدا.

پیرەژن: "پیازەكە دەگرێتەوەو قاپـالێكی لێـدەدا.. دەیتفێنێتـەوە" نـاخورێ.. تفتـە.. "سـەرشـانۆ تاریـك دەبێ"

رۆژی دووەم:



"هەمان شوێن‌و دیمەنی پێشووترەو پیرەمێردو پیرەژن هـەر یەكەیان لەلایەكی شانۆكەوە وەستاون‌و چاو دەگێڕن"

پیرەمێرد: "بەچواردەوری خۆیدا دەڕوانێ" ئـاخ خ خ.. ت..ف

هیچ دیارنییە.!؟

پیرەژن: "بەچواردەوری خۆیدا دەڕوانێ) وای ی.. ت.. ف.. هیچ.. دیسانەوە هیچ.

پیرەمێرد: ڕۆژێكیتر لەگەڵ لمدا.

پیرەژن: من دەڕۆم "وەستاوە"

پیرەمێرد: بۆ!؟

پیرەژن: ئێرە ئەو شـوێنە نییـە كـە پێویـستە تیـا چاوەڕوانبین.

پیرەمێرد: نەخێر ئێرە ئەوشوێنەیە.

پیرەژن: پیرەمێردی نەعلەتی تاكەی لـەژێـر ئـەم خـۆرە سـووتێنەرەدا پروانینـە سـەراب.. بـاپڕۆین.. دەچینە جێگایەكیتر.

پیـرەمێـرد: جێگایـەكیتـر هـیچ لـەمـەسـەلـەكـە ناگۆڕێ.. هەموو جیگاكان یەكن.

پیرەژن: كەواتە ڕۆژەكانیش هیچ لە مەسەلەكـە ناگۆڕن.. هەموو ڕۆژەكانیش وەك یـەكـن.. ئـەمڕۆش وەك دوێنـێ دەبـێ‌و كـەسـیش ڕوومـان تێناكـاو سـەرەنجام لەم بیابانە گەرمەدا دائەڕزێین.

پیرەمێرد: نەخێر پیرەژن ڕێگەت نادەم چیتر بەم شێوەیە قسە بکەی.. ئەمڕۆ ڕۆژێکی تەوا وجیاوازە.. لەهیچ ڕۆژێکیتر ناچێ.

پیرەژن: بەچییا جیاوازە هەی خەلەَفاو..

پیرەمێرد: بەوەدا کە ئەمڕۆ کچەکەم دێتەوە.. ئالێرەداو ە بەرچاوتەوە دەبینی چۆن باوەشی بۆ دەکەمەوەو تێر تێر ماچی دەکەم. ئەوکات تۆ دەبێ لەداخاندا دڵت شەقبەرێ.

پیرەژن: تۆ ڕۆژانی تریش تەواو دڵنیابووی لە هاتنەوەیانو کەچی نەشهاتنەوە تۆ دەساڵە لەدرۆدا دەژێی.

پیرەمێرد: مەگەر تۆش دەساڵەو ڕۆژانە هاوبەشی ئەو درۆیە نیت ئەی تۆ نیت هەموو ڕۆژێ باسی خەوە هەلەقو مەلەقەکانت دەکەیتو دەڵێی کوڕەکەم دێتەوە.

پیرەژن: بە     من هەموو شەوێك خەوی پێوە دەبینمو دڵنیاشم کەدێتەوە. بەڵام بەتەواوەتی نازانم کەی دێتەوەو لە کوێدا بەیەك شاد دەبینەوە. بۆیە هیچ دڵێکم بەئێرە خۆشی نییە دەمەوێ بچمە جێگایەکیتر چاوەڕوانی کەم.

پیرەمێرد: کەواتە خێرا ئێرە بەجێبهێڵەو ڕۆ..منیش لەچەنەبازیو خەوە سەخیفەکانی تۆ ڕزگارم دەبێتو ئەو ساش بە تەنها هەر خۆم درێژە بەیاری چاوەڕوانبوونم دەدەم..



پیرەژن: کەواتە بەدووعا.. "پشتی تێدەکاو دەیەوێ ڕوات"

پیرەمێرد: بەڵام بۆکوێ.. بۆکوێ دەڕۆی پیرەژن؟

پیرەژن: هەر کوێیەك بێت گرنگ نییە..تەنها ئێرە نەبێت..

پیرەمێرد: مەڕۆ پیرەژن.. مەڕۆ.. لەم بیابانەدا بزر دەبی.. بەتەنهایی گورگ دەتخوا..

پیرەژن: دەمێکە گورگ خواردوومی.. "دەڕوات"

پیرەمێرد: بگەڕێرەوە..بگەڕێرەوە.. پیرەژنی نەعلەتی. کوێوە دەچی.. "هاواردەکاتو شەقێك لە لمەکەی بەردەمی خۆی دەدات قۆرییەك لەگەڵ نووکی پێڵاوەکەیداو لەناو لمەکەوە دەردەکەوێت" پیرەژنەکە ئاوڕ دەداتەوەو هەردووکیان لە قۆرییەکە رادەمێنو وردە وردە لێی نزیك دەبنەوەو هەردووکیان دەستی بۆ دەبەنو هەڵیدەگرنەوە"

پیرەمێرد: تەماشا.. ئەم قۆرییە چ دەکا لێرە..

پیرەژن: قۆریەکی کۆن داڕزاو.. بەکەڵکی هیچ نایەت..

"پیرەمێردەکە بەدەستی دەیسڕێ. لە پڕ جنۆکەیەکی سپی لە بەردەمیاندا دەردەکەوێت.. هەردووکیان بە ترسەوە لێی رادەمێنو دوور دەکەوێتەوە."

جنۆکەی سپی: "دەچەمێتەوە" گەورەم، هەر فەرمانێکیتان هەبێ ئامادەی جێبەجێکردنیم...

پیرەمێرد: "واقی ورماوە" ها.. وتت چی.

جنۆکەی سپی: گەورەم هەر فەرمانێکتان هەبێ، ئامادەم بۆتی جێبەجێکەم..

پیرەژن: بەڵام تۆ کێیت؟!

جنۆکە: گەورەم من جنۆکەی سپیم پێدەوترێو ماڵم وا لەنێو ئەو قۆرییەدا.. هەر کەسێك بەئاگام بهێنێتەوە.. خۆ بەخۆ دەبێتە خاوەنمو هەرچی داواکارییەکی هەبێت.. دەتوانم لەچاوتروکانێکدا بۆی جێبەجێبکەم.

پیرەمێرد: هەرداواکارییەك بێت؟

جنۆکە: بە      گەورەم هە رداواکارییەك.. داوای هەر شتێك بکەی لە چاوتروکانێکدا بۆتی دەهێنم..

پیرەژن: "رووەدەکاتە پیرەمێردوو بەچپەوە دەدوێ" زۆر چاکە پیرەمێرد.. خێرا پێی بڵێ با کورو کچە بزربووەکانمان بۆ بدۆزێتەوە.. ئەمڕۆ شانسمان هەستاوە.. خێرا پێی بڵێ.

پیرەمێرد: بەڕێز جنۆکەی سپی.. لەڕاستیدا ئێمە منو ئەم پیرێژنە لەمێژەوە لێرەداینو چاوەڕوانین.. من کچەکەمو ئەم پیرەژنەش کورەکەی بزربووە. تکایە بۆمان بدۆزەرەوەو بیانهێنە ئێرە...

جنۆکە: کورو کچی ئێوە!!؟

پیرەژن: بە    .. بە     تکایە یارمەتمان بدە..

جنۆکە: سەیرە!



پیرەمێرد: چی سەیرە.!؟

جنۆکە: داواکارییەکەتان زۆر سەیرە.. بەر لە ئێوە گەلێك کەسیتر بۆتە خاوەنمو منی بەئاگاهێناوەتەوەو دنیایەك داخوازی هەبووە. بەڵام ئێوە یەکەم کەسن داوای سەروەتو سامانم لێناکەن.. لەوەتەی مرۆڤ دەناسم قەت داوای مرۆڤیان لێنەکردووم.. هەمیشە هەڵپەی پارەو ئاڵتونیان لێکردووم.

پیرەمێرد: تەمەنی ئێمە کەڵکی پارەو سامانی پێوەنەماوە. ئەوەی دەمانەوێت.. تەنها کوردو کچە بزربووەکانمانە.. پارەو پول بکەڵکی ئێمە نایەت.

پیرەژن: هەموو سەروەتو سامانی من لەم دنیایەدا کورەکەمە. کورەکەم..

پیرەمێرد: بە      کچەکەمە.. دەی خێراکە بۆ تۆ هیچی تێناچێ پێمان بڵێ لەکوێن.. ئێمە والەسەر ئاگرین.. زۆریان بیردەکەین.

جنۆکە: بەڕێزان گوێ بگرن.. گەر پارەو کۆشکو شتی لەم بابەتانەتان دەوێ.. بەخۆشحاڵییەوە دەتوانم یارمەتیتان بدەم.. بەڵام بەداخە من ناتوانم بەهیچ شێوەیەك پەیوندی بەکەسانیتریەوەك ئێوەی مرۆڤەوە بکەمو راپێچی ئێرەیان بکەم.. ئەمە بەمن ناکرێ.

پیرەژن: کەواتە هەر هیچ نەبێ. شوێنەکانیانمان پێ بڵێو هیچیتر..

پیرەمێرد: راست دەکا. بەتەنها ناونیشانیان بەسە. ئەویتر بۆخۆمان لێگەرێ.

جنۆکە: بە ام.. من نایانناسم.. قەتم نەبینیون.. لەنێو ئە وهەموو خەڵکە زۆرانەی سەر گۆی زەوی چۆنیان بدۆزمەوە. ئەمە ئەستەمە.

پیرەژن: کەواتە هیچ... ناتوانی هیچمان بۆ بکەی.

پیرەمێرد: بەداخەوە.

پیرەژن: دیسانەو. هەر دەبێ چاوەڕوان بین.

جنۆکە: باشە من دەتوانم شتێکی کەتان بۆ بکەم. بەرماڵێکتان دەدەمێ خۆتا بەدوواياندا بگەڕێن.

پیرەمێرد: بەرماڵ

پیرەژن: بەرماڵ چی لێبکەین.

جنۆکە: بەماڵێکی سیحرییە.. کاتێ دەچنە سەری دەتانفڕێنێ.. هەرکوێتان بوێ دەتانبات.

پیرەمێرد: شتی واهەیە.؟

جنۆکە: بەڵێ هەیە "چەپڵەیەك لێدەدات و بەرمالێك لەسەرەوە دێتە خوارێو لەبەردەم هەردووکیاندا دەنیشێتەوە"

جنۆکە: ئێستا دەتوانن بچنە سەری و پاشان هەر کوێی لێداوا بکەن بەچاوتروکانێك دەتانگەیەنێتە ئەو شوێنە.. ئیتر من دەمەوێ پرۆمەوە نێو قۆرێکەی خۆم.. ئەگەر ئیزنم بدەن؟



پیرەمێرد: تەنها پرسیارێك..

جنۆکە: بە ..

پیرەمێرد: وەك ئێوە بزانن لەم بیابانەدا جگە لە ئێمە کەسیتر هەیە.. کەس دەبینی.

جنۆکە: نەخێر لەسەرەوە جگە لە ئێوە کەسیتر لەم بیابانەدا نییە. بەڵام لەژێرەوەی ئەم لمەدا زۆری وەکو ئێوە هەیە... "بزردەبێ و دیارنامێنێ"

پیرەژن: لەژێرەوەی ئەم لمەو زۆری وەك ئێمە هەیە...!!!

مەبەستی چییە...

پیرەمێرد: نازانم.. خێرا وەرە سەر بەڕماڵەکە.. بابفڕین..

"هەردووکیان دەچنە سەر بەرماڵەکە"

دەی بەرماڵی سیحری بمانفڕێنە.. بمانبە بۆ ئەو جێگایەی مناڵەکانمانی تیا دەدۆزینەوە.. دەی بفڕە.. خێرا بمانبە.. "وچانێك"

دەی.. بۆ ناجوڵێی.. دەی بفڕە..

پیرەژن: وایزانم ئەو جنۆکە نەعلەتییە پێی رابواردین. بەرماڵ بۆ نوێژە نەك بۆ فڕین.

پیرەمێرد: نا دڵنیان ئەو جنۆکەیە درۆی لەگەڵ نەکردووین. بەڵام هەست دەکەم نهێنییەك لە نەفڕینیدا هەیە..

پیرەژن: پیری خەڵەفاو.. ئەوە چ نهێنییەکە..؟!!

پیرەمێرد: واهەست دەکەم.. ئێرە بۆ خۆی ئەو جێگایە بێت کە لەبەرماڵی سیحریمان دەوێت.. پێدەچێت ئێرە هەمان ئەو جێگایەبێت کە ئێمە دەمانەوێت بۆیە ناجوڵێت..

پیرەژن: مەبەستت ئەوەیە ئێرە جێگای بەیەك گەیشتنمانە دەتەوێ وابڵێی

پیرەمێرد: دەمەوێ وابڵێم..

پیرەژن: مەگەر نازانی ئێمە وا هەموو رۆژێك لێرەداو لە چاوەڕوانیدایین.. کوا لەخۆمان زیاتر تائێستا کەسیترت بینیوە..

پیرەمێرد: نەخێر.. بەڵام جنۆکە سپییەکە وتی لە ژێرەوەی ئەم لمەدا زۆری تری وەك ئێوە هەن...

پیرەژن: دەتەوێ بڵێی رۆڵەکانمان لەژێر پێماندان...؟!

پیرەمێرد: نا دڵنیانیم.. بەڵام لەوانەیە وابێت..

پیرەژن: ئەگەر وابێت. ئەوا ئێرە ئەو شوێنەیە..

پیرەمێرد: بە     ئێرە ئەوشێونەیە...

پیرەژن: دوواجار کوڕەکەم دەبینمەوە..

پیرەمێرد، دوواجار چاوەڕوانی کۆتایی هات..

"هەردووکیان بەرامبەر یەك دادەنیشن دەست بە هەڵدڕینی لمەکە دەکەن، پیرێژنەکە جامانەکەی دێتە دەستییەوە. پیرەمێردەکەش هەولییەك دەدۆزێتەوە.. هەردووکیان دەست بە راکێسانی



جامانەو هەورییەکە دەکەن.. لەگەڵیدا شەڕواڵو مراخانیو کراسو دەرپێی منداڵانو جلوبەرگی کوردیتر بەدەستیانەوە دێت.. ماوەیەکی زۆر لەشێوەی تەنافێکی درێژدا ئەو جلوبەرگانە هەڵدەکێشن، بەڕادەیەك هەردووکیان دەکەونە ژێر پەڕۆوپاتاڵەوەو نووقم دەبن".

***